زیاد ڕەشاد قادر

# زمان و میدیا

## ڕەوشی زمان و ڕێنووس لە میدیای باشووری کوردستاندا

هەولێر.......................................٢٠٢٢

چاپی دووەمی ئەلیکترۆنی

## بەناوی کردگاری جوانکار و دلۆڤان

## پێناسی کتێب

**ناوی کتێب:** زمان و میدیا ــ ڕەوشی زمان و ڕێنووس لە میدیای باشووری کوردستاندا

**نووسینی:** زیاد ڕەشاد قادر

**بابەت:** میدیا و زمانەوانی

**دیزاینی ناوەوە:** کۆسار زیاد

**بەرگ:** خەلیل هیدایەت مام شێخ

**ساڵ و نۆرەی چاپ:** چاپی یەکەم (چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر)، ٢٠١٣

چاپی دووەم (ئەلیکترۆنی)، ٢٠٢٢

# پێڕست

پێشکێش بێ........................................................٤
پێشەکیی چاپی یەکەم..........................................................٥
پێشەکیی چاپی دووەم..........................................................٧
چەمك و پێناسەی زمان........................................................٨
جۆر و ئاستەکانی زمان........................................................١٣
زمان و میدیا......................................................................١٦
زمانی میدیای کوردی.........................................................٢٠
تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕۆژنامەگەری..................................٢٢
هێزی زمانی ڕۆژنامەگەری.................................................٢٦
سەرەقەڵەمێك لە بارەی ڕێنووسەوە.........................................٢٩
گرفت و کێشەکانی ڕێنووس لە میدیای کوردیدا.........................٣٣
گرفتەکانی وشەڕۆنان و زاراوەی قاموسی.................................٦٦
لەنێوان یاریکردن بە وشە و شێواندنی زماندا..............................٧٩
ئەنجامگری.......................................................................٨٨
لیستی سەرچاوەکان..........................................................٩٤

# پێشکێش بێ

**بە ڕۆحی خەباتکار و خەمخۆری زمانی کوردی مامۆستا (سەلام ناوخۆش).**

# پێشەکیی چاپی یەکەم

بابەتەکانی نێو ئەم باسە، جگە لە دەروازەیەك لەسەر چەمکگەلی زمان و میدیا و زمانی ڕۆژنامەوانی، هەروەها پیشاندانی ڕستێك وردە سەرنج و تێبینییە سەبارەت بەو کێشە و گرفتە زمانییانەی لە میدیای هەرێمی کوردستاندا بەر چاو دەکەون، بەتایبەت ئەو گیروگرفتانەی پێوەندییان بە بابەتی ڕێنووسەوە هەیە.

نووسەری ئەم باسە بە هیچ کلۆجێك ڕێگەی ئەوە بە خۆی نادات، ڕاست و هەڵەکان لە یەکدی هاوێر بکات، یا شێواز و ڕێگای چارەسەر بۆ ئاریشەکە دەسنیشان بکات، بەڵکوو زێتر لە ڕێگای خستنەڕووی چەند نموونەیەکەوە، جەخت لەوە کراوەتەوە، کە زمانی نووسینی میدیاکارانی هەرێمی کوردستان (بەتایبەتی لە بواری ڕێنووسدا) بە دۆخێکی خراپ و ترسناکدا تێپەڕ دەبێت. ئەگەرچی گومان لەوەدا نییە کە بەشێك لە هەڵە و کەموکورتییەکانی بواری زمان لە میدیای ئێمەدا، ئەوەندە زەق و بەرچاون، نەك پێویستیان بە کەسی ئەکادیمیکار و پسپۆڕ نییە، بەڵکوو تەنانەت زۆر جار نەخوێندەوارێکیش هەست بە جۆر و قەبارەی چەوتییەکان دەکات و نموونەش لەو بارەوە زۆرە.

ئێمە چاك لەوە دەگەین، کە قسەکردن لە بابەتەکانی زمانەوانی و ڕێنووس و ڕێزمان و قامووس، کاری کەسانێکە کە خودانی بڕوانامەی بەرز بن و زمانێك یا چەند زمانێکی بێگانە بزانن، هەروەها لە تیۆرەکانی زمانناسی و ڕێزمان و ڕەگوڕیشەی وشە

کۆنەکان لێزان و لە دیالێکت و بندیالێکتەکانی زمانی کوردیدا شارەزا بن، لەگەڵ ئەوەشدا تا بڵێی ورد و بەسەلیقە و دڵسۆز و بوێر بن، بەڵام وا نابینین ئەمە ڕێگەی ئەوەمان لێ بگرێت، ئەو گرفت و ناچوونیەکییەی ڕۆژانە لە ڕووپەڕی ڕۆژنامە و سەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکاندا بەرچاومان دەکەون، کۆیان بکەینەوە و بیانخەینە لیستی ناتەواوییەکانەوە.

ئێمە ئەگەرچی نە پسپۆڕی ئەم مەیدانەین و نە لافی زماننناسی و زمانزانی لێ دەدەین، وەلێ ئەزموونی زێتر لە دە ساڵی بواری ڕۆژنامەنووسیم (بە شانازییەوە کە سەرەتا بە هەڵەگری دەستم پێ کرد) و خوێندنەوەی ورد و بەردەوامی سەرچاوە بایەخدار و باوەڕپێکراوەکانی بواری زمانەوانی، هەروەها چاودێری و بەدوداچوونی زۆرێك لەو ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانەی لە هەرێم دەردەچن، ڕەنگە بایی ئەوەندە بوار و دەسەڵاتمان پێ بدەن، بتوانین لە دەرخستن و بەرانبەریەکدانان و بەیەکدیگرتن و بەراوردکردن و دۆزینەوەی پتری ئەو ئاڵۆزی و تەگەرە و قەیرانانەی هەیە، شتێکی تازە بنووسین، کە شایانی خوێندنەوە بێت.

بەو هومێدەی ئەم هەوڵە خاکەڕاییە، بچێتە خانەی ئەو خزمەتانەی لە پێناو پێشخستنی زمانی کوردیدا دراون و دەدرێن.

**زیاد ڕەشاد قادر**

**هەولێر، ٢٠١٢/١٠/٢٩**

# پێشەکیی چاپی دووەم

نۆ ساڵ بەری نها چاپی یەکەمی (زمان و میدیا)م بە تیراژی (١٠٠٠) دانە بڵاو کردەوە. ئەوها باشتر بوو، کە ئەم جارەش هەر لەسەر کاغەز بووایە، یاخود چاپی یەکەمیم بەشێوەی PDF بڵاو بکردایەتەوە، وەڵێ لەبەر دوو هۆی سەرەکی، چاپی دووەمی لەم کاتەدا و بەشێوەی ئەلیکترۆنی بڵاو دەبێتەوە:

١ـ تێچووی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبێکی ئەوها، لەم دۆخەی ئێستای وڵاتی ئێمەی پێدا گوزەر دەکات، بە زەحمەت دابین دەکرێت، خۆشبەختانە چاپە ئەلیکترۆنییەکە، هیچ خەرجییەکی نە بۆ من و نە بۆ خوێنەر تێناچێت.

٢ـ بە کۆی بابەتەکانی نێو کتێبەکەدا چوومەتەوە، گۆڕین و دەستکاری نا، بەڵام لێرە و لەوێ هەندێ ڕستە و پەرەگرافم زێدە کردووە و لە هەندێ شوێن بۆچوونی خۆم سەبارەت بەو شێوازەی بە ڕاستی دەزانم خستووەتە ڕوو، کە ئەمە لە چاپی یەکەمدا کەمتر دەبیندرێت.

بە هیوای سوودی گشتی، زمان و ڕێنووسی هەمووان سەلامەت.

**زیاد ڕەشاد قادر**

**هەولێر، ٢٠٢٢/٠٨/١٦**

# چەمك و پێناسەی زمان

چۆمسکی دەڵێت: "زمان کۆمەڵە ڕستەیەکە، ڕێزمان دەریان دەکات". مارتنێت دەڵێت: "زمان هۆیەکە بۆ لە یەکتر گەیشتن، لە چەند دانەیەکی بچووك پەیدا دەبێت، ئەو دانانەش خاوەنی واتای خۆیانن".[1] بەم شێوەیەش زمان پێناسە کراوە: "سیستمێکە لە نیشانە، لەخۆوە لەسەری ڕێك کەوتووین، توانای دابەشکردنی هەیە، تاکەکەس وەك ئامرازێك بە کاری دێنێت بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی، بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە، لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسینەوە".[2]

لە ناو ئەو پێناسە زۆر و زەبەندانەی کە بۆ زمان کراون، دەتوانین بڵێین: "زمان ئامرازێکی گرنگ و بایەخدارە، مرۆڤ بە هۆیەوە و لە ڕێگەی دەنگ و وشەوە، گوزارشت لە هەست و پێداویستییەکانی دەکات و زانیارییەکانی دەگوێزێتەوە بۆ بەرانبەر و هەروەها مەبەست و بیری دەخاتە ڕوو".

زمان وەك هۆکارێکی گەورە و پڕ کاریگەری گەیاندنی بیر و بۆچوونی مرۆڤ و میکانیزمی پێوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی دیدگا و دەستخستن و بەخشینی

---

١ – کۆمەڵێك مامۆستای زانکۆ، کوردۆلۆجی، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

٢ – محەممەد محەممەد یونس عەلی، دەروازەیەك بۆ زمانناسی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠.

زانیاری... چەندە ورد و گەشەسەندوو و دەوڵەمەند بێ، هێندە دروستتر و ساناتر پەیامی خۆی دەگەیەنێت و ئامانج دەپێکێت و مەبەست ڕوون دەکاتەوە. بە پێچەوانەوەش ئەگەر مرۆڤ لە ئاخاوتن و نووسیندا، زمانی لاواز بێت و دەستەواژەی کرچوکاڵ بە کار بێنێ، ئەوا لە پێوەندیکردندا بێدەسەڵات و لە تێگەیاندنی بەرامبەردا دەستەپاچە و بێتوانا دەبێت. تەنانەت هەندێك پێیان وایە تەرزی تێگەیشتن و ئاستی بیرکردنەوە و کەسییەتی مرۆڤیش، تا ڕاددەیەکی زۆر بەندە بە زمانەکەیەوە.

بەشی زۆری زمانەوان و زانایانی زمان، وای دەبینن زمان وەك هەر بوونەوەرێکی زیندوو و بەرجەستە، لە دایك دەبێت و گەشە دەکات و پێش دەکەوێ، هەر وەك چۆن دوچاری پەتای لاوازی و دەرد و بێتینی، تەنانەت مردنیش دەبێتەوە. بەڵام هیچ زمانێك نە لەخۆوە پێش دەکەوێ، نە لەخۆوە پەکی دەکەوێ یا دەمرێت، بەڵکوو ئەوە پارێزەر و پاسەوانانی زمانن، بە پشتگوێخستن و لالێنەکردنەوە و کەم سەیرکردن... تووشی دەرد و پەتا و بێخوێنی و مردنی دەکەنەوە، هەروەك هەر ئەو پارێزەر و پاسەوانانە دەتوانن پێشی بخەن و گەورەی بکەن.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە، زمان بە هەموو مانایەك، مۆرك و ناسنامەی نەتەوەی هەڵگرتووە، بەو واتایەی، زۆر کەڕەت لاوازی یا مردنی زمان، یەکسانە بە

لاوازی یا مردنی توخم و جەمسەرێکی گرنگی نەتەوە، ئەگەر نەڵێین یەکسانە بە لاوازی و مردنی نەتەوە.

بەکاربردنی زمان، ئەگەر لەڕووی ڕەوانبێژی و جوانکاریی وشە و واژە و ڕستەوە، ڕێك و گونجاو بێت و بە سەلیقە و حەوسەڵەوە دەستی بۆ ببردرێت، ئەوا لەلای (گوێگر، بینەر و خوێنەر) خۆشەویست دەبێت و بە زەوق و گەرموگوڕییەوە پێشوازی لێ دەکرێت.

هەر کەسێکیش ئازادە لەوەی چۆن گوزارشت لە خۆی دەکات، یا زمانی نووسین و ستایلی داڕشتنی چۆنە و لە چ ئاستێکدایە، بەڵام هیچ کەس لەوە ئازاد نییە لە ڕێساکانی زمان لابدات، یا دەستوورەکانی ڕێنووس و ڕێزمان بشێوێنێ. بۆ نموونە هەر کەسێك لە یاساکانی هاتوچۆ سەرپێچی بکات، دیارە بە بەندکردن یا پێبژاردن سزا دەدرێت. هەر کەسێك تەجاوزی یاسای شارەوانییەکان بکات، ئەوا دەبێ سزای سەرپێچییەکەی وەربگرێت، هەر بەم شێوەیە زمان و ڕێنووس و ڕێزمان... کۆمەڵێك ڕێسا و دەستووریان هەیە، هەقە لادان لێی، بچێتە ناو بازنەی سەرپێچیکردنەوە.

هەندێك زمان بە دراو دەچوێنن و پێیان وایە، ئەوانەی دراوی ساختە دروست دەکەن، زەبر لە سەرمایە و دراوی نیشتمانی دەدەن، حکومەت و یاساش ڕێگری لە هەر هەوڵێکی پەیدابوونی دراوی ساختە دەکەن و سەرچاوەکانی دروستکردنی وشك دەکەن. ئەمە بۆ زمانیش هەر ڕاستە، ئەوانەی لە نووسین و

بڵاوکردنەوەدا، گوێ بە یاسا و ڕێساکانی زمان نادەن، چوارچێوە و مەرجەکانی نووسین تێك دەشکێنن، بەڕووی یەکێك لە گەورەترین ڕەمز و سەرمایەکانی نەتەوە دەوەستنەوە، بەم پێیەش گوناهی تێکشکێنەر و ڕووخێنەرانی زمان، لە گوناهی ئەوانە گەورەترە کە دراوی نیشتمانی ساختە دەکەن.

زمانیش پێویستی بە پاراستن و داکۆکی لێکردن هەیە، بەتایبەت ئەو دەمانەی مەترسی ڕووی تێ دەکات، هەر لەبەر ئەوە، ئاسایشی زمان نەك هیچی لە ئاسایشی خۆراك، ئاسایشی سەربازی، ئاسایشی سنوور، ئاسایشی ئابووری و ئاسایشی ژینگە... کەمتر نییە، بەڵکوو زۆر وەخت لە هەموو ئەوانە گرنگتریشە، یا دەتوانین بڵێین ئاسایشی زمان پشکێکی گەورە و سەرەکییە لە ئاسایشی کۆمەڵگا و ئاسایشی نیشتمانی بە مانا فراوانەکەی. بەتایبەتی زمانی کوردی بۆ کورد یەکێکە لە مۆرك و کۆڵەگە گەورە و گرنگ و سەرەکییەکان، چونکە بە دڵنیاییەوە لە زۆر سەردەمدا، کوردی وەك نەتەوە پاراستووە و بووەتە یەکێك لە توخمە پڕ بایەخەکانی مانەوەی نەتەوە.

لەبەر ئەوە سیاسەتی زمانیی هەر حکوومەت دەسەڵاتێکی سیاسی، دەبێ بەشێکی دیار و دانەبڕاوی سیاسەتی کولتووری و فەرهەنگیی ئەو حکوومەت و دەسەڵاتە بێت. بۆیێ دامەزراوە شەرعی و ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان، کە خۆی لە سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمدا دەبینێتەوە، دەبێ سیاسەتی کولتووری و ڕۆشنبیری بەرەو پێش ببەن و لەناویشیدا بایەخی تایبەت

و زێتر بە سیاسەتی زمانی بدەن، بە جۆرێك لە ڕێگەی دامودەزگا ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکانەوە، پلان و ستراتیژی گونجاو دابنێن بۆ پاراستن و بەرەوپێشچوونی زمان، هەروەها بایەخدان و یەکخستنی سیستم و ڕێساکانی ڕێنووس و ڕێزمان لەلایەك و بە یاسا یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەسەر زمانی فەرمی و ستاندەر لە هەرێمی کوردستاندا لە لایەکی ترەوە. ئەوەش نەك بە دانان لە نێو لیست و خشتەی کار و ئەجێندای دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکوو بە دانانی بە یەکێك لە ئەرك و کارە هەرەگرنگ و لەپێشینەکان.

# جۆر و ئاستەكانی زمان

ئەگەر بەشێوەیەكی گشتی، زمان دابەش ببێتە سەر زمانی قسەكردن (ئاخافتن) و زمانی نووسین، ئەوا ئەوەی ئێمە لێرەدا لێی دەدوێین، زمانی نووسینە، نەك ئی قسەكردن. پەیدابوونی زمانی نووسین لە دوای زمانی ئاخافتن، بە دووەم شۆڕش و وەرچەرخان دادەندرێت لە بواری ڕاگەیاندندا، توێژەران بە شێوە گشتییەكەی زمانی نووسین دابەشی سەر سێ جۆری دەكەن، كە ئەوانیش پێكدێن لە:

١- زمانی ئەدەب و هونەر.
٢- زمانی تیۆری ـ زانستی.
٣- زمانی زانستی ـ كۆمەڵایەتی.[٣]

**یەكەم:** لە زمانی ئەدەب و هونەردا، زێتر زمانێك بە كار دێت كە لایەنی جوانكاری و ڕەوانبێژی و ئیستاتیكی زاڵە، ئەو شێوە بەكارهێنانەی كە یاری بە وشەی تێدایە، واتە بە وشە، وێنەی هونەری و وێنەی شیعری دروست دەكرێت. زۆر جار تەنیا نوخبەیەك لە خوێندەواران یا ڕەخنەگران و ئەهلی ئەدەب و هونەر، لە زمانی هونەری و ئەدەبی تێ دەگەن، ئەگەرچی وەكوو چێژ لێببینن، ڕەنگە بەشی زۆری خوێندەواران چێژ لە تێكستە ئەدەبی و هونەرییەكان ببینن، بەڵام بابەتی چێژبینین جودایە لە تێگەیشتن و

٣ – شرف عبدالعزیز، علم الاعلام اللغوي، المركز الثقافي الجامعي، القاهرة، ١٩٨١.

دۆزینەوەی مانا و مەدلوولە شاراوەکانی دەق، کە زۆربەی کات بەهۆی نەبوونەوەی گرێکانی زمانەوە، خوێنەر لەو دەقانە تێ ناگات. شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و نووسەرانی تێکستە هونەرییەکان، بەو ئاستەی زمان، گوزارە لە هەست و سۆز و ئەزموون و یادەوەریی خۆیان دەکەن.

**دووەم:** لە زمانی تیۆری ـ زانستیدا، بەکارهێنانی وشە و زاراوەی زانستی ڕووت و ئەبستراکت و تا ڕاددەیەك وشك کاری پێ دەکرێت، ئەوەش زێتر لەلایەن کەسی تایبەتمەند بەو بوارەوە، باوە و لە تیۆر و بیردۆزە زانستییەکاندا ڕەچاوی ئەم جۆر یا ئاستەی زمان دەکرێت.

**سێیەم:** زمانی زانستی ـ کۆمەڵایەتی، ئەو زمانەی کە دەبێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بەکار بێت، کە زمانێکە جودایە لە زمانی زانستی ـ تیۆری، هەروەك هاسانترە لە زمانی ئەدەبی و هونەری. ئەم جۆر یا ئاستەی زمان، بۆ گواستنەوەی دەنگوباس و شیکردنەوەی هەواڵ و وتار و ستوونە ڕۆژنامەوانییەکان بە کار دەهێندرێت.

زمانی ڕۆژنامەوانی، وەك پێویستە ئاسان و ڕوون و بێ گرێوگۆڵ بێ، هەروەها ناکرێ بۆ نوخبەیەکی تایبەت بێ، بەوەی تەنیا کەسی تایبەتمەند بە بواری خۆی تێی بگات، یا کۆد و هێمای تێدا بەکار بێت و زیاد لە مانا و تەفسیرێك بەدەستەوە بدات. ئەمە پێچەوانەوە نابێتەوە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە زمانی میدیا، دەبێ تەواو جودا بێ لە زمانی ڕەشۆکی و بازاڕی، هەروەها

زمانێك بێ لەپاڵ ڕوونی و سانابییەکەی، زمانێکی پەتی (فصیح) بێ و دوور بێ لە زار و بنزاری ناوچەیی.

ئەوەی ئێمە لەم باسەدا، لە بارەیەوە دەنووسین زمانی میدیایە، بە دیاریکراویش زمانی ڕۆژنامەگەرییە لە هەرێمی کوردستان، کە بەئەلفوبێی عارەبی (ناسراو بە ئەلفوبێی عارەبی) دەنووسرێت و پێڕەوی دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاست دەکرێت، واتە ئەو سەرنج و ئەنجامگیرییەی لەم باسەدا دەیخوێنیتەوە، قسە و لێدوانە لە میدیای بەشە سۆرانییەکەی هەرێمی کوردستانی عێراق.[٤] لە هەر کوێیەکیش نێوی زمان و زاراوە و ڕێنووسی میدیا هات، ئەوا تەنیا مەبەست لێی زمانی ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانییانەیە کە لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووك و هەڵەبجە کار دەکەن، یا سەر بە یەکێك، یا هەر چار پارێزگایەکەن و لە دەرەوەی هەرێمدا خودانی دامەزراوەی ڕۆژنامەوانیین.

---

٤ – ئەگەرچی بەشێکی شارەزا و زمانەوانانی کورد ناوهێنانی ئەو شێوەزارە بە (سۆرانی) بە هەڵە دەبینن و لەباتی ئەوە، زاراوەی (کرمانجی نێوەڕاست، یا کوردیی ناوەند...) بە ڕاستتر دەزانن، بەڵام تا ئێستا هیچیان تەواو نەچەسپیون و یەکلایی نەبوونەتەوە، مامۆستا مەسعوود محەمەدیش پێشتر زاراوەی (بەری سۆران)ی تەنیا بۆ هەولێر و کۆیە و ڕواندز و خۆشناوەتی... بە کار هێناوە، لە بەرانبەریشدا بۆ سلێمانی و کەرکووك و پشدەر، زێتر (بەری بابان) و (گەرمیان) و (پشدەر و بەری مەرگە)ی نووسیوە.

# زمان و میدیا

میدیا (الاعلام) یەکێکە لەو چەمکانەی کە یەکجار زۆر پێناسەی بۆ کراوە، لەناو ئەو پێناسە کۆن و نوێیانەی بۆ چەمکی (میدیا) کراون، دەتوانین بڵێین: "میدیا بریتییە لە گواستنەوەی هەواڵی هەموو ئەو زانست و ڕووداو و گۆڕانکارییانەی ڕوو دەدەن، بە ڕێگایەکی گونجاو و لە ڕێگەی دەزگا و ئامرازەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوە و وەشاندنەوە". یا دەگوترێت: "ڕاگەیاندن پرۆسەیەکە بەهۆیەوە واتا و زانیاری و بیر و بۆچوون لە کەسێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەسێکی تر، واتە لە (نێرەر)ەوە بۆ (وەرگر) بە مەبەستی هێنانە دی ژمارەیەك ئامانجی ویستراو".[٥] هەروەها بەوەش پێناسە کراوە کە: "پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییە، لە نێرەر (المرسل)ەوە بۆ وەرگر (المستقبل)، بە هۆی یەکێك لە ئامرازەکانەوە".[٦]

بەهۆی ئەوەی لە ئەوڕۆدا میدیا بە هەموو جۆرەکانی (بیستراو و بیندراو و خوێندراو و ئەلیکترۆنی)یەوە، بە هاسانی دەچێتە هەموو ماڵێك و موخاتەبەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەکات... باندۆری بە هەردوو باری ئەرێنی

---

٥ – حەبیب کەرکوکی، پێشەکییەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، وەرگێڕانی ڕابەر ڕەشید، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨

[٦] – حامد محمد علی، حول الاعلام والاعلام الاسلامي، من منشورات مكتب الاعلام للاتحاد الاسلامي في كردستان، الطبعة الاولى، ١٩٩٨م.

(پۆزەتیڤ) و نەرێنی (نێگەتیڤ) لەسەر زمان هەیە. بەو واتایەی میدیا چەندە لەباریدا هەیە ڕۆڵ ببینێ لە بەرزکردنەوەی ئاستی زمان و هێنانەدی چەمك و زاراوە و دەستەواژەی نوێ و بەکەڵك، ئاواش ڕێی تێدەچێ میدیا ئەگەر بە دروستی ڕەچاوی ڕێسا و دەستوورەکانی زمانەوانی و ڕێزمان و ڕێنووس نەکات، ببێتە هۆی تێکدان و وێرانکردنی زمان.

وەك چۆن میدیا بۆ خۆی چەکێکی دوو سەرە، ڕەنگە ببێتە قوتابخانەیەك بۆ پەروەردە و فێرکردن و چاکسازی، یا بە پێچەوانەوە پشکدارییەکی بەرچاو بکات لە بە لاڕێدابردن و تێکدان و گەندەڵی... هەر بەو ئاستەش زمانی میدیا، ئەگەر هورد و جوان و پاراو و ڕەوان بێ، بە مانایەك لە مانایەکان دەبێتە فێرگە و برەو بە ڕاستەڕێبوونی زمان دەدات، یاخود ئەگەر زمانی میدیا و میدیاکاران سەقەت و ناتەواو و پڕ لە هەڵە و کەموکوڕی بوو، ئەوا نەك هەر زمان بەرەو تێکدان و شێوان دەبات، بەڵکوو فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەش بە مانا فراوانەکەی دەخاتە مەترسییەوە.

یەکێك لە فاکتەرەکانی تێگەیشتنی (وەرگر) لە (نێرەر) ئەوەیە زمانی هاوبەشیان هەبێت، واتە ئەو زمانەی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا بە کار دەهێندرێت، نێرەر و وەرگر لێی تێ بگەن، ئەویش بە بەکارهێنانی دەربڕینێك کە بە لای هیچیانەوە نامۆ نەبێت.[٧] نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو گەرەکە لێکنێزێکی و

---

٧ – حەبیب کەرکوکی، پێشەکییەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن......

چونییەکیی زۆر لە نێوان فەرهەنگی زمانەوانی هەر دوو لادا هەبێت، تا بە هاسانی لە یەك تێ بگەن. جگە لەوەش زمانی میدیا لەگەڵ ئەوەی دەبێ ڕوون و ڕاشکاو بێ، مانا و مەبەستی ئاشکرا بێت لای وەرگر (گوێگر، بینەر و خوێنەر)، هەروەها پاراوی و ڕەوانی زمان یەکێکە لە پێداویستییەکانی دەزگای ڕاگەیاندنی سەرکەوتوو، لە هەمان کاتدا یەکێك لە مەرجەکانی ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ ئەوەیە زمانی پاراو بێت و پابەندی ڕێسا و دەستوورەکانی زمان بێت، چونکە یەکێك لە کۆسپ و تەگەرەکانی بەردەم ڕاگەیاندن ئەوەیە، نێرەر جۆرە زاراوە و دەستەواژەیەك بە کار بێنێت، لای وەرگر نامۆ بێت، یا واتا و مەبەستی جوداوازی هەبێت و ڕاڤەی جودای لێ بخوێندرێتەوە لای وەرگر.

بەهۆی ئەوەی میدیاکار بۆ هەموو خەڵکی قسە دەکات، گەرەکە لە ئاڵۆزی و وشەی تەمومژاوی دوور بکەوێتەوە، لەسۆنگەی ئەوەشەوە کە میدیا خۆی دیاردەیەکی شارستانییە و لە شار دروست دەبێت و پێ دەگات، بۆیە زمانی ڕۆژنامەوانییش بە سروشتی حاڵ زمانێکە ڕزگاری بووە لە زاراوەی گوندیاتی و نەداریی لە گوزارشت و دەربڕیندا، ڕوونتر بڵێین زمانی میدیا زمانێکی شارییە، بەڵام سوود لە زاراوە ڕەسەنەکانی گوند وەردەگرێ. چونکە میدیاش وەك (ڕۆمان) دیاردەیەکە لە شار پەیدا دەبێت و گەشە دەکات، هەر لەبەر ئەوەش دەگوترێت

**کە پەیدابوونی نەتەوەی مۆدێرن لە ڕۆژئاوا و ئەوروپادا هاوکات بووە لەگەڵ هاتنە کایەی میدیا لەلایەك و ڕۆمانیش وەك ڕەگەزێکی گرنگی ئەدەب لەلایەکی دیکەوە.**

**ئەو شێوانەی لە پەیامی پرۆسەی میدیادا بەکار دێن بۆ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، پێکدێن لە هەر یەکە لە شێوەکانی (ڕەنگی، ڕووناکی، دەنگی، ژمارەیی، ئاماژەیی و زمانی)، بەڵام زمان بۆ خۆی لەوە فراوانترە ببێتە ئامرازێك لە ئامرازەکانی میدیا، واتا دەتوانین بڵێین زمان ئەرکێك لە ئەرکەکانی میدیای پێ دەسپێردرێت و جێبەجێ دەکات، بەڵام لەلایەکی دیش میدیا هۆکارێکی جێبەجێکردنی کار و ئەرکی زمانە، بەو مانایەی ئەو شتانەی زمان دەیەوێت بیڵێت و بیگەیەنێت بەشێکی لە ڕێی میدیاوە دەگەیەنێت و ئاراستە دەکات، بۆیە میدیا ئامرازێکە لە ئامرازەکانی زمان، نەوەك بە پێچەوانەوە.**

# زمانی میدیای کوردی

زمانی کوردی، کە زێتر لە سەتەیەکە بووەتە زمانی ڕۆژنامەگەری، پێشی ئەوەی ئەم زمانە لە ڕۆژنامەگەریدا بەکار بێت، چەند سەت ساڵێك پێشتر تێکستی ئەدەبی کوردی پێ نووسراوە. بە واتا ئەگەر زمانی کوردی لە کۆتایی سەتەی شازدەیەم و سەرەتای سەتەی حەڤدەیەمەوە، لە زمانی قسەکردن (ئاخاوتن)ەوە بەرەو زمانی نووسین چووبێت، کە زێتر نووسینەکە ئەدەبی بووە، لەناو ئەدەبیشدا بە تایبەت شیعر بووە، ئەوا لە کۆتایی سەتەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەتەی بیستەمەوە زمانی نووسینی کوردی بووە بە زمانی ڕۆژنامەوانییش.

لە ئێستاشدا وەك ژمارەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت لەڕووی ژمارەوە لە هەڵکشانێکی سەیر و زۆردایە، هەروەها ژمارەی ئەوانەی کە لە میدیادا کار دەکەن لە زێدەبوونێکی سەرسوڕهێنەردایە، هەموو ئەوانەش کە لە میدیادا کار دەکەن نەك هەر سەروکاریان لەگەڵ زماندایە، بەڵکوو ڕۆژانە لە پێوەندییەکی بەردەوامدان لەگەڵ زماندا. لەبەرئەوە پێداویستییەکی گەورەی هەموو ڕۆژنامەوانێکە کە شارەزای دەستوور و بنەما سەرەتاییەکانی ڕێنووس و ڕێزمان ببێت. لەو ژمارە زۆرە ڕۆژنامەنووسەی ئەورۆ لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانن، ڕەنگە بەشی زۆریان بەکاربردنی زمان لە میدیادا

لەلایان پرسێکی هێندە گرنگ نەبێ و تەنانەت ئەوە نەهێنێ کۆرسێکی چەند ڕۆژەش لەبارەیەوە ببینن. ئەو زۆری و بۆرییەش تەواو پێچەوانەی نیوەی دووەمی سەتەی ڕابردووە، چونکە ئەو دەم ئەوانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاریان دەکرد، ئەگەر کەسانی ئەکادیمیکار و زمانزانیش نەبووبن، ئەوا خاوەنی سەلیقە و وردەکارییەکی زۆر زێتر بوون لە ئەوانەی ئێستا، ئەمە جگە لەوەی لە میدیای ئەو سەردەمدا زمانزان و کەسانی لێهاتووی وەکوو (مەسعوود محەمەد، شوکور مستەفا، مارف خەزنەدار، هەژاری موکریانی، عەلائەددین سەججادی، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، شێخ محەمەدی خاڵ و ئەوڕەحمانی حاجی مارف....)[٨] دەیاننووسی، کە بەر لەوەی ڕۆژنامەنووس بووبن، زمانزان یا زمانەوان یا فەرهەنگنووس یا شارەزا و مامۆستای ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی بوون. لەبەر ئەوە میدیاکاری هەرێمی کوردستان و کارمەندی ئۆرگانەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی، ئەرك و بەرپرسیارەتییێکی یەکجار گەورەیان لە ئەستۆدایە و دەخوازێ بەوپەڕی جددی و وردبینییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسەدا بکەن.

---

٨ – بۆ نموونە کە سەیری کتێبەکانی: (ژیان و دەورووبەر)ی مەسعوود محەمەد و (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی خەزنەدار و (هەنبانەبۆرینە)ی هەژار و (فەرهەنگی خاڵ)ی شێخ محەمەدی خاڵ و (ڕشتەی مرواری)ی سەججادی و (لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا)ی ئەوڕەحمانی حاجی مارف و هتد...ی دەکەیت و لەگەڵ زمانی نووسینی ڕۆژنامەنووسانی ئێستادا لە تەنیشت یەکتریان دادەنێیت، ئەوسا دەزانی نەك هەر جیاوازییەکەیان ئاسمان تا ڕێسمانە، بەڵکوو بە هیچ پێوەرێك بەراورد ناکرێن.

# تایبەتمەندییەکانی زمانی ڕۆژنامەگەری

وەك لە پێشدا ئاماژەمان پێ دا، زمانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسی، لە هەردوو ئاستی زمانەکەی دی کە بریتین لە زمانی تیۆری–زانستی و زمانی ئەدەبی–هونەری، جودایە. جگە لەوەش لە کاتی بوونی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە لە زمانی ڕۆژنامەگەریدا، ئەوا لەلایەك بە سەرکەوتنی ئەو نێوەندی ڕاگەیاندن یا میدیاکارە تەواو دەبێت، لە لایەکی دیش باشتر و دروستتر گوتاری خۆی ئاراستەی وەرگر (بینەر، گوێگر و خوێنەر) دەکات. بە بڕوای ئێمە تایبەتمەندییەکان لەم چەند خاڵەدا کورت دەبنەوە:

## یەکەم: ڕوون و ئاسان

بەواتای پەنا نەبردن بۆ ئەو وشە و زاراوانەی کە زۆر مانا هەڵدەگرن، یا نامۆن بە زمانی قسەکردن و نووسینی جڤات. هەروەها پەیڕەکردنی زمانێکی ڕوون و ڕەوان و پاراو لە سۆنگەی ئەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ تێکڕای خەڵکن، نەك چینێك یا نوخبەیەکی دیاریکراو.

## دووەم: هاوچەرخییەتی و سەردەمگەری

ئەمە پێچەوانە نایەتەوە لەگەڵ خاڵی یەکەمدا و مەبەست لێی بەکارهێنانی ئەو وشە و زاراوە و دەستەواژانەیە کە نوێ و هاوچەرخن، بەڵام بەهۆی پرۆگرامەکانی پەروەردە و نووسراوە فەرمییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بە جەماوەر ئاشنا کراون و وەك ڕستە و گوزارشتی نامۆ و نائاشنا نەماون.

## سێیەم: کورتبڕی

بەهۆی زۆربوونی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سەرقاڵیی زۆربەی خەڵك بە وەزیفە و کاروباری ڕۆژانەوە، زێتر بابەت و بەرنامە و وشە و ڕستە و بڕگەی کورت چانسی بیستن و دیتن و خوێندنەوەیان هەیە. دیارە چ بەرنامەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی بێ، یا بڵاوکراوەی دەنگوباس، یا بابەت و ستوونی ڕۆژنامەوانی... بەوە کورت دەبێت، کە وەستایانە وشە و ڕستە و گوزارشتی تێدا بەکار بێت، واتا لەلایەنی زمانەوانییەوە ڕەچاوی کورتبڕی بکرێت.

## چارەم: سەرنجڕاکێش و گونجاو

مەبەست لە سەرنجڕاکێشی و گونجاوی، لەپاڵ زمانی پاراو و کورتدا، میدیاکار بە زمانێك لەگەڵ خوێنەر و بینەر و گوێگرەکەی بدوێت، کە ناسك و

ئاودار و بە شەوق و زەوق بێ و جەماوەر بۆ لای خۆی کەمەندکێش بکات، نەك بیتۆرێنێ، لەپاڵ ئەوەش گونجاو بێت، بەو مانایەی دوور بکەوێتەوە لە وشەی زبر و ناقۆلاّ و بزانێ بۆ کێ دەئاخفێت یا دەنووسێت، ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بەرنامە یا نووسینەکە، لە ڕادیۆیە، یا تەلەڤزیۆن، یا میدیای نووسراو... کە جەماوەری هەر یەکێکیان تا ئاستێك جوداوازن.

هەموو ئەو نووسینانەی کە لە میدیاکاندا بڵاو دەبنەوە و پەخش دەکرێن، ئەگەر سەرنجڕاکێش نەبن و بەسەلیقە دانەڕێژرا بن، ئەوا گومان لەوەدا نییە کەم و زۆر کاریگەریی دەروونی دەبێت لەسەر وەرگر و تووشی جۆرێك لە بێزاری دەکات. بە پێچەوانەوەش ئەو میدیاکارانەی لە بەکارهێنانی زماندا کارامە و لێزانن، خۆیان دوور دەگرن لە وشە و دەستەواژەی ڕەق و ناخۆش، ئەوا تام و چێژی تایبەت دەبەخشنە خوێنەر و بیسەر و بینەرانیان.

## پێنجەم: پێشکەوتن و گۆڕانکاری

ئەوە ڕاستە کە دەبێ میدیاکار لە وشەی نامۆ و نائاشنا خۆی بە دوور بگرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ نێوەندەکانی ڕاگەیاندن و میدیاکاران کات و سەردەمەکەی خۆیان بناسن، بە بیانووی بەکارنەهێنانی وشەی نامۆ و قورس، ناکرێ زمانی ڕاگەیاندن لە دەربڕین و گوزارەی دەیەکانی ڕابردوو قەتیس بکەن. بۆ نموونە ناشێ بەو پاساوەی وشەکانی (ڤیتۆ، بایکۆت، ڕیفراندۆم، بودجە،

گەندەڵی، فەیسبووك، دیموكراسی، بۆرسە، ڕاپ، كاشێر...) ناكوردین، یا قورسن و نەوەك لای جەماوەر نامۆ بن، بەكار نەهێندرێن، لە كاتێكدا ڕۆژانە كارت بەو وشە و زاراوانە دەبێت. بەڵام بۆ نموونە هەر بەناوی پێشكەوتن و گۆڕانكارییشەوە ناكرێ زاراوەگەلی لە چەشنی (ئەپستمۆلۆژی، پراگماتی، ئانارشیزم، ...)، كە هێشتا لەسەر ئاستی خەڵك و خوێندەواری ئاسایی جێگەی خۆیان نەگرتووە، لە كاتی زۆر پێویستدا نەبێت، دەرخواردی جەماوەر و شەقامی بدەین، بە ناوی ئەوەی بە خوێنەر و بینەری ئاشنا دەكەین، كە هەر یەك لەم وشانە چەندین پێناسە و لێكدانەوەیان بۆ دەكرێت.

# هێزی زمانی ڕۆژنامەگەری

ئەو زمانەی لە ڕۆژنامەگەریدا بە کار دێت، بە هۆی ئەوەی لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا، دەکەوێتە بەر گوێ و چاوی هەموو خەڵك، بۆیێ زوو بڵاو دەبێتەوە و لە قسەی ڕۆژانە و تابلۆی سەر شوێنە گشتییەکان، جێگیر دەبێت.

لێرەدا ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان زمانی کتێبەکانی پەروەردە و نووسراوە فەرمییەکانی نێو دامودەزگاکانی حکومەت و ئەو زمانەی لە تێکستە ئەدەبییەکاندا بەکار دێن لە لایەك و زمانی ڕۆژنامەوانی لە لایەکی دیکەوە، دەبینین زمانی کتێبەکانی پەروەردە تەنیا بۆ قوتابی و مامۆستایانە و کارکردیشی زێتر لەسەر ئەو دوو چینە دەبێت. ئەو زمانەیشی لە نووسراوە فەرمییەکانی حکومەتدا بەکار دێت، تەنێ لەکن فەرمانبەرانی دامودەزگا حکومییەکان، دەبیندرێت و کاری پێ دەکرێت. هەرچی زمانی تێکستە ئەدەبییەکانە، بۆ چینێکی زۆر تایبەت لە ئەدیب و خوێنەرانی دەقە ئەدەبییەکانە. بەڵام ئەو زمانەی لە ڕۆژنامەوانیدا بەکار دێت بۆ هەموو چین و توێژەکانی جڤاتە و هەمووان دەدوێنێت.

دەستەواژە و دەربڕینە داهێندراوەکانی نێو زمانی ڕۆژنامەگەری خێرا بڵاو دەبنەوە و دەچنە نێو زمانی ڕۆژانەی خەڵك، با ئەو دەستەواژە و دەربڕینانە هیچ

بنەمایەکی زانستی و زمانەوانییان نەبێت، یا تەنانەت سەروبەر هەڵە بن، بە پێچەوانەوەش هەندێ جار لە لایەن کەسانی شارەزا و دامەزراوەی پسپۆڕەوە چەند وشە و زاراوەیەك لە ڕێگەکانی (داڕێشتن، داتاشین، لێکدان، خوازە، وەرگرتن و وەرگێڕان)ەوە هەوڵی جێگیرکردن و بڵاوبوونەوەیان دەدرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا وەکوو پێویست بەکار نایەن، ئەوا لە شوێنی خۆیان دەوەستن و پاش ماوەیەك لە بیر دەچنەوە، با ئەو وشە و زاراوانە بنەمای زانستیشیان هەبێ و بە بەڵگەی زمانەوانییش پشتئەستوور بن. بەکورتی لە ئەوڕۆدا زمانی میدیا بووەتە زمانی خەڵك و ئەوەی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن — بە تایبەتیش تەلەڤزیۆن—ەوە پەخش دەکرێت، ئەوە دەبێتە زمانی جەماوەر، بۆیێ ئەگەر زمانی ڕۆژنامەگەری ڕێکخراو و ئاراستەکراو و زانستی نەبێت، ئەوا پێچەوانەکەی جێگیر دەبێت با زمانێکی تێکشکاو و ناڕێزمانی بێت، یا لە مانابەخشین بە دەستەواژە کۆنەکان و پەند و ئیدیۆمی کوردیدا سەرکەوتوو نەبێت.

بۆ نموونە وشە و تەعبیرەکانی (گەندەڵی، فەرمانبەری بندیوار، نۆڕماڵ، ترام، ستاندەر، سوپرایز، ریسك، کارەبای نیشتمانی، تێز، سڤیل...)، لە ئێستادا و دەستەواژەکانی (ساڵیاد، فاشی، سیخوڕ، جەماوەری گەلی کوردستان، کۆمەڵانی خەڵك، قەیران، پاوانخوازی، وڵاتپارێز، بێتەل، ئاگربەست، دەرماڵە، فلان وڵاتی بەرەو فلان وڵات بە جێهێشت، ژمارەی پێوانەیی شکاند و هتد...) لە پێشوودا،

ڕاست بن یا هەڵە، لە شوێنی دروستی خۆیاندا بەکار هاتبن یا بە پێچەوانەوە، ئەوا هەر جێگەی خۆیان گرتووە و بە دەردی وشەکانی (بەروار، ئامادەباشی و پاشماوەی ئەنفال...) تازە لانابردرێن و دەبێ بنەمای (هەڵەیەکی چەسپیو، لە ڕاستییێکی نامۆ چاکترە)یان بە سەردا جێبەجێ بکرێت.

بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین لە حەفتاکانی سەتەی ڕابردوو و دواتریش لەلایەن شارەزا و دەزگا کولتوورییەکانەوە ژمارەیەك وشە داتاشراون و زاراوەی نوێ داهێندراون، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە وەکوو پێویست بەکار نەهاتوون، ئەوا ئەو وشە و زاراوانە لە ڕووبەرێکی زۆر گچکەدا خراونەتە نێو نووسینەوە و تەنانەت هەندێکیان لەنێو چوون و نەماون.

بۆ نموونە وشەکانی (کوردەوانی، پاشەك، ئاژیار،....) دەتوانین بڵێین نە بەکار دێن، نە کەس مانایان دەزانێت، هەروەها هەندێ زاراوەش بەکار دێن، بەڵام لەسەر ئاستێکی یەکجار کەم، وەك دەبینین تا ئێستا وشەکانی (شالیار، سەرنووسیار، هۆنراوە، هۆنەر، تێنووس، پەڕتووك، ڕامیاری، وێژە، بوێژ، یەخچاڵ...)، نەیان توانیوە جێگە بە (وەزیر، سەرنووسەر، شیعر، شاعیر، دەفتەر، کتێب، سیاسەت، ئەدەب، ئەدیب، سەلاجە...) لێژ بکەن، وەلێ وشەکانی (دۆز، دەڤەر، ڕەهەند، بێژەر، تەوەر، دۆسیە، شوێنکات، هەژموون، دانووستان، ڕوماڵ، جەخت، پاکتاو...) بە هۆی ئەوەی لە ڕاگەیاندندا خراونەتە کار، تەواو جێگەی خۆیان گرتووە.

# سەرەقەڵەمێك لە بارەی ڕێنووسەوە

ڕێنووس (ئۆرتۆگرافی) یا (ئیملا)، شێوە و شکڵی نووسینە، بۆ ئەوەی هەر وشەیەك چۆن دەگوترێت ئاوهاش بنووسرێت، دەبێ پابەندی چەندین ڕێسا و دەستوور بین و لێی لانەدەین، ئەم پابەندبوون یا لانەدانە، پێی دەگوترێت ڕێنووس. دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٤٠- ٢٠٠٧) دەڵێ: "ڕێنووس بریتییە لە کۆمەڵێك دەستوور کە بە هاریکارییان ئاخاوتنی ئێمەیان پێ دەنووسرێ. ئەوەی دەنووسێ ئەگەر لە دەستوور لابدا، هەڵەی ڕێنووس دەکات. ئەو جۆرە هەڵانەش کۆسپ دێننە ڕێگەی خوێندنەوەی تێکست. ئەو کۆسپانەش سەرنجی خوێنەر لە تێگەیشتنی ناوەرۆك کەم دەکەنەوە."[٩] بە لای جەمال نەبەزەوە ڕێنووس نووسینی وێنەی دەنگەکانی زمانە.[١٠]

ڕێنووس لە ئەوڕۆدا پرسێکی ئێجگار گرنگ و پڕ بایەخی میدیا و کلتووری کوردییە، بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا. بۆ ئەوەی میدیاکار و ڕۆژنامەنووس وا بکەن خوێنەر، یان گوێگر و بینەر دروست لێیان بگەن، دەبێ شارەزای ڕێسا و

---

٩ -دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی، چاپخانەی علاء بەغدا، ١٩٨٦.

١٠ -جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ئەڵمانیا، ١٩٧٦.

دەستوورەکانی ڕێنووس بن. ئەوەی ڕێنووس ڕێك دەخات و یەکی دەخات، یاسا و ڕێسا و دەستوورەکانی ڕێزمان و ئەلفبای زمانەکەیە، نەك پەیڤین یا شێوەزاری ناوچەیەك. کار نەکردن بە ڕێنووسی یەکگرتووش نەك هەر مەودای نێوان (نووسەر و نێرەر) لە لایەك و (خوێنەر و وەرگر) لە لایەکی دیکەوە فراوان دەکات، بەڵکوو تەنانەت دەشێ کەلێنی گەورە بخاتە نێوانی نووسەرانیشەوە، مامۆستا مەسعوود محەمەد (١٩١٩–٢٠٠٢) دەڵێ: "ڕێنووس دەفری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییە و هەر تەقەڵێکی هەڵوەشێتەوە کەلێن دەدا بۆ فرەوانبوونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا نەگونجانی نووسەران".[11] ڕێنووسی هەر زمان، یا هەر ئەلفبایەکیش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەو واتایەی ناکرێ دەستووری ڕێنووسی هیچ زمانێك بەسەر زمانێکی دیکەدا بسەپێندرێت، یا پیادە بکرێت.

ئێمە زۆر جار دەبینین بەشێکی ئەو بابەت و وتارانەی لە میدیاکاندا بڵاو دەکرێنەوە، هەر بەڕاستی ناوەڕۆکەکەیان دەوڵەمەند و پڕ زانیارییە و شتی تازە دەبەخشنە خوێنەر، بەڵام لەبەرئەوەی بەپێی پێویست ڕەچاوی مەرج و ڕێساکانی ڕێنووس ناکەن، بۆیە بەشێکی ئەو بەها و جوانییەی کە بابەت یا وتارەکە هەیەتی لە دەست دەدات. چونکە ڕێنووس گەرەکە دەربڕی شێوازی دەنگ و جۆری

---

١١ ـ مەسعوود، محەمەد، زمان و ڕێنووسی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠١١.

وشەکان بێت، بەجۆرێك ئەو کەسەی کە وشەیەك دەخوێنێتەوە تەنانەت ئەگەر لە مانای وشەکەش حاڵی نەبێ، بتوانێ وشەکە بەجوانی وەکوو خۆی بخوێنێتەوە.

بۆ نموونە ڕاپۆرتەهەواڵێك کە ڕۆژنامەنووسێك دەینووسێت و دەیداتە بێژەرێك لە ڕادیۆ یا تەلەڤزیۆن بیخوێنێتەوە، ئەو ڕاپۆرتەهەواڵە دەبێ بەشێوەیەك نووسرابێت لە (جوداکردنەوە و بەیەکەوەلکاندنی وشەکان و خاڵبەندی و ناوونیشانی سەرەکی و ناوونیشانی لاوەکی و کەوانە و بڕگەکان و هتد...)، بەجۆرێك بابای بێژەر پێویستی بە ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی ڕاپۆرتنووسەکە نەبێت و چۆن نووسراوە، ئاوها بیخوێنێتەوە.

نموونەیەکی دیکە، با بڵێین ڕۆژنامەنووسێك ڕاپۆرتێکی شیکاری بۆ ڕووداوێك دەکات و لە ڕۆژنامەیەك بڵاوی دەکاتەوە، لێرەدا دەبێ ئەو ڕاپۆرتە لە ڕووی ڕێنووسەوە ئەوەندە تێر و تەواو بێت، هەر کەسێك کە دەیخوێنیتەوە کێشەی نەیەتە ڕێگەی و پێویست بە هیچ ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە و شیکردنەوەیەك بۆ شیکردنەوەکەی نەکات، دەنا هەرچەندە ڕاپۆرتێکی بەهێز و دەوڵەمەند بێت، ئەوا بەشێکی هێز و دەوڵەمەندییەکەی بە هۆی خراپیی ڕێنووس، یا ڕەچاو نەکردنی مەرجەکانی ڕێنووس دەمرێت.

ڕاستە پێشخستن و ڕاڤەکردنی دەستوورەکانی ڕێنووس ئەرکی زمانەوان و شارەزایانە، (دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف) گوتەنی: "ڕێنووس بەشێکە لە زانستی زمان، هەر وەك چۆن ئەتۆم بەشێکە لە فیزیا... چۆن لە هەر زانستێکدا

ئەرکی دۆزینەوە و گەشەپێدان و چەسپاندنی شت لە ئەستۆی زانایان و پسپۆڕاندایە، هەر بەو چەشنە ڕێنووسیش کاری زمانەوانانە..."[١٢] یا وەك مامۆستا (مەسعوود محەمەد) دەڵێ: "ئەو کەسەی دەیەوێ خەریکی ئەلفوبێ و ڕێنووس بێ لەسەریەتی شارەزای دەستووره بنجییەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕێزمان بە تێکڕایی و هی زمانی خۆی بەتایبەتی بێ چونکە پیتەکان یەکسەر پێوەندییان بە دەنگەکان و خاسیەتی هەر یەکەیانەوە هەیە تێك بەستن و لێك ترازاندنی وشە و دەستەواژەش پێوەندی بە وشەسازی و ڕێزمانەوە هەیە".[١٣] بەڵام پیادەکردن و پابەندبوون پێی و فێربوون و زانینی ئەو دەستوورانە، ئەرکی هەموو ئەوانەیە کە دەستیان قەڵەم دەگرێت و دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە. وەك چۆن ئەرکی مامۆستای ئایینییە لە وتاری هەینیدا ڕوونکردنەوە و تەفسیر و زانستی ئایینی فێری موسڵمانان بکات، ناشێ هەموو ئامادەبووان ببنە مەلا، بەڵام خۆ دەبێ هەموویان بزانن چۆن دەستنوێژ هەڵدەگرن و نوێژ دەکەن. هەر ئاوەهاش هەموو نووسەر و میدیاکاران دەبێ بایی ئەوەندە شارەزای ڕێنووس بن و لانی کەم هەڵەی زەقی تێدا نەکەن، بەڵام کەس ناتوانێت داوایان لێ بکات ببنە زمانەوان و شارەزای بواری ڕێنووس.

---

١٢ – دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی، چاپخانەی علا ء بەغدا، ١٩٨٦.

١٣ – مەسعوود محەمەد، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چ١، ٢٠١١.

# گرفت و کێشەکانی ڕێنووس لە میدیای کوردیدا

ئەوەی ئێستا لە کوردستان و میدیاکانی کوردستاندا بەسەر ڕێنووسدا دێت، ڕەنگە هیچ کاتێك و لە هیچ شوێنێکدا وای بەسەر نەهاتبێت و هێندە گرفت و ئاستەنگی نەهاتبێتە پێش، بەشێوەیەك ئێستا بۆ نموونە دوو کەناڵ، یا بڵاوکراوە نادۆزیتەوە ڕەچاوی یەك ڕێنووس بکەن، تەنانەت زۆر جار ئەو نووسەر و میدیاکارانەی لەناو یەك دەزگای ڕاگەیاندندا کار دەکەن، هەر یەکە پیادەی جۆرێك لە ڕێنووس دەکەن، ئەمەش بۆ خۆی کێشەیەکی گەورەیە و زۆر لەوە زێتر دەهێنێ، شارەزا و خەمخۆرانی بواری زمان و دامەزراوە فەرهەنگی و زمانەوانییەکان مشووری جددی لێ بخۆن و ئاوڕی دڵسۆزانەی لێ بدەنەوە. بەتایبەت کە لە ئەوڕۆدا جگە لە کێشەی ڕێنووس، زمانی کوردی لە میدیا و پەروەردە و دامودەزگا فەرمییەکانی حکومەتدا لەسەر ئاستی ڕێزمان و زاراوە و فەرهەنگسازی و زمانی ستاندەردا، کێشەگەلێکی هەیە کە ڕەنگە بەشێکیان لە دواڕۆژێکی نێزیکدا چارەسەرکردنیان جۆرێك بێ لە مەحاڵ، بۆیە مانەوەی کێشەی ڕێنووس لەپاڵ گرفتگەلی دیکەدا، ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکات و بەرەو ئاقاری خراپی دەبات.

ئەوەی لە هەمووی سەیرترە، بەشێکی زۆری ئەو کتێب و گۆڤارانەی کە تایبەتن بە لایەنی زمانەوانی و قسە لە تیۆرییەکانی زمانناسی دەکەن، کەچی خۆیان کێشەی گەورەیان لەگەڵ ڕێنووسدا هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی دوو گوتاری نێو یەك ژمارەی گۆڤار یا یەك کتێبی تایبەت بە زمانەوانی، بە دوو یا چەند ڕێنووسی جودا نووسراون، تەنانەت هەندێك لە وتار و لێکۆڵینەوەکان ئی یەك نووسەر یا باسکارن و لە دوو ژمارەی یەك لە دوای یەکی گۆڤاری تایبەت بە تیۆرەکانی زمانناسی و زمانزانی بڵاو کراونەتەوە، لەگەڵ ئەوەش چەندین جوداوازی لە هەردوو وتار یا لێکۆڵینەوەکەدا بەر چاو دەکەوێت.[١٤]

ڕاستە بابەتی ئاستەنگ و گیروگرفتەکانی ڕێنووس تەنیا لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکوو لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا هەبووە و هەیە، مامۆستا (مەسعوود محەمەد) گوتەنی: "هیچ میللەتێك نییە خاوەن نووسین بێ تەگەرەی ڕێنووسی نەبێ".[١٥] بەڵام ئەو گیروگرفتانەی لە میدیای کوردی لە باشووری کوردستاندا هەیە، کە پیادەی ڕێنووسی کوردی بە ئەلفبای عارەبی دەکرێت، لە لایەکەوە زۆر و بەربڵاون، لە لایەکی دیش هیچ ئاسۆیەك بۆ چارەسەر دیار نییە، جگە لەمەش

---

١٤ – بڕوانە ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥ و ٦)ی گۆڤاری (زمانناسی)، کە گۆڤارێکی مانگانەیە و ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەری دەکات و خزمەتی بەرچاوی لە بواری زمانناسیدا کردووە و دەکات، بەڵام لە ڕووی ڕێنووسەوە، دەتوانین بڵێین یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بە کردار هیچی لە گۆڤارەکانی دیکە لەپێشتر نییە.

١٥ – مەسعوود محەمەد، کەوچکێك شەکر بۆ قاوەی تاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٠.

ئەو دەزگا و دامەزراوانەی کە خۆیان بە نێوەندی ئەکادیمی و فەرمی و جۆرێك لە مەرجەع دەزانن، زۆر جار لە لایەن دەزگا ڕۆژنامەنووسییەکانەوە هەر ددانیان پێدا ناندرێت و گوێیان لێ ناگیرێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەرێمی کوردستاندا دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی چەندایەتی قۆناغی یەکجار گەورە چووەتە پێشەوە و هەنگاوی زۆر مەزنی ناوە. بەڵام ڕەوشی نووسینی نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئێستا، بەراورد بە سی ـ چل ساڵ لەمەوبەر خراپترە. ئەگەر هەنگینێ هەندێ کێشەی بچووك هەبووبێ، بەڵام کۆشش و هومێدێکی گەورەتر هەبوو بۆ چارەسەر و گەیشتنە ئەنجام، کەچی ئێستا وەك کێشەکان گەورە و ئاڵۆزترن، هەروەها ئیرادەی دۆزینەوە و دیاریکردنی هەتوان بۆ دەردەکە، بچووك و کەمخوێن و لاوازترن لە جاران. ئەگەر زێتر لە نیو سەتە لەمەوبەر مامۆستا (گۆران)ی شاعیر (١٩٠٤–١٩٦٢)، خەون و خۆزگەی ئەوە بووبێت، نەك هەر ڕێنووسی هەموو کورد، بەڵکوو زمانی نووسین و ئاخاوتنی (خانی، نالی و قوبادی...) ببێتە یەك تاقە زار، ئەوا ئێستا خەونی دروستکردنی ڕێنووسێکی هاوبەش، تەنیا لە بەشە سۆرانییەکەی هەرێمی کوردستاندا، زۆر لەو خەونە شاعیرانەیەی گۆران بچووکتر بووەتەوە. گۆران لە بەشێکی شیعرەکەیدا دەڵێ:

**ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان**

**چ هیی پێنووس، چ دەمیمان،**

**بە تاقە یەك زاری شیرین**

**شاخ پڕ ئەکا لە پێکەنین!**

**ئەوسا: (خانی)، خانیی سەردەم**

**بە زمانێك ئەنووسێ (مەم)**

**کە پێی ئەدون (نالی) و (مەحوی)**

**وەك (قوبادی)، وەك (مەولەوی)!** [١٦]

ئەگەرچی لێرە و لەوێ هەندێ پرۆژە و پێشنیار لەسەر ئاستی تاکەکەس یا کۆڕ و ئەنیستیتۆ و دامەزراوەکان دەخرێنە ڕوو، بەڵام هیچیان نەبوونەتە جێگەی بایەخ و متمانەی هەموو لایەك، یا هێزی ئەوەیان نەبووە لە هەموو دەزگا فەرمی و ڕۆژنامەنووسییەکاندا لەبەرچاو بگیرێن و کاریان پێ بکرێت. بۆ نموونە لە نامیلکەی (ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی)دا کە (بەدران ئەحمەد حەبیب) وەکوو ئەندامی کۆڕی زانیاری کوردستان (ئەکادیمیای ئێستا) ئامادەی کردووە و لە لایەن کۆڕەوە پەسەند کراوە، چارەسەری بۆ ژمارەیەك لە کێشەکانی ئەوڕۆی ڕێنووسی کوردی خستووەتە ڕوو، بەڵام نەك هەر کەسی پێبەند نەکردووە کە پێڕەوی ئەم

١٦ –محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی گۆران، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

ڕێنووسە پەسەندکراوە بکەن، بەڵکوو وا باوەڕ دەکرێت بەشێکی یەکجار زۆری میدیاکاران و ئەندامانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیش ئەم کتێبە و شێوازی چارەسەرکردنەکەیان هەر نەدیبێ، لەلایەکی دیشەوە کتێبەکە لە شێوەی سەرنج و پێشنیاردا پیشان دراوە، نەك وەك بڕیار یا دەستووری دامەزراوەیەکی فەرهەنگی.[١٧]

چەند جارێك کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری تایبەت ڕێك خراوە بۆ یەکخستنی ڕێنووسی کوردی و ڕێککەوتن لەسەر هەندێك وشە و زاراوە کە کێشەی تێدا هەیە، بەڵام بەشی زۆری ئەو گردبوونەوانە ئەنجامی دڵخۆشکەری لێ نەکەوتووەتەوە، نەك هەر ئەوەندە بەڵکوو لە هەندێك حاڵەتدا پەرتەوازەیی و ناچوونییەکییەکەی پتر کردووە.[١٨]

١٧ – بەدران ئەحمەد حەبیب (ئامادەکردن)، ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

١٨ – لە کۆتایی نەوەدەکانی سەتەی ڕابردوودا، سیمینارێکی تایبەت بە ناوی (فەرهەنگی کوردی) ڕێك خرا، بەشی زۆری گوتوبێژەکان لەباتی قسەکرن لەسەر دۆخی قامووس یا فەرهەنگی کوردی بێت، مشتومڕی بەکارهێنانی وشەکە بوو، ئاخۆ (قامووس) بنووسرێت یا (فەرهەنگ)، هەندێك دەیانگوت با (گەنجینەی وشە) بێت، هەندێکی دی پێشنیازی (وشەدان، وشەنامە، بانکی وشە و وشەوان)یان دەکرد. لە سیمنارێکی دیدا برادەرێك ـ وابزانم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو ـ گوتی: "لە وەزارەتخانەیەکی هەرێمدا نووسراوە وەزارەتی پیشەسازی، ئەم وشەی پیشەسازییە هەڵەیە". برادەرێکی ئامادەبووی سیمینارەکە، لەبەرخۆیەوە گوتی: "نا، پیشەسازی تەواوە، بەڵام وەزارەتخانەکەی تۆ تەواو نییە".

پێش ئەوەی بەشێکی ئەو کێشە و گرفتانە بخەینە ڕوو، چەند نموونەیەك دێنینەوە کە لە یەکەمیان بە نێزیکەی (٢٠) ڕێنووس و یێ دووەمیان بە زێتر لە (٧) ڕێنووس لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا دەنووسرێن، سەبارەت بە نموونەکانی دیکەش بە چەندین شێوە پیشان دەدرێن.

## نموونەی یەکەم:

ڕستەی (هاووڵاتییەك لە ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت)، کە شێوازە هەرە دروستەکەی وەك ئەوەی نووسیومانە دەبێ بنووسرێت، کەچی بەم چەند شێوەیەش دەنووسرێن:

–هاولاتییەك لە ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (هاولاتی) بە یەك (و).

–هاووڵاتیەك لە ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (هاووڵاتیەك) بە یەك (ی).

–هاولاتیەك لە ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (هاولاتیەك) بە یەك (و) و یەك (ی).

–هاووڵاتییێك لە ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (هاووڵاتییێك) لەجیاتی (هاووڵاتییەك) نووسراوە.

–هاووڵاتییێ لە ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (هاووڵاتییێ) لەجیاتی (هاووڵاتییەك) نووسراوە.

**–هاولاتیێ له ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (هاولاتیێ) لەجیاتی (هاوولاتییەك) نووسراوه.**

**–هاوولاتییەك لەئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (له) و (ئاوی) به یەکەوه لکێندراون.**

**–هاوولاتییەك له ئاوی خاسەی کەرکوکدا دەخنکێت/ (کەرکوك) به یەك (و).**

**–هاوولاتییەك له ئاوی خاسەی کەرکووك دا دەخنکێت/ وشەی (کەرکووك) له (دا) جودا کراوەتەوه.**

**–هاوولاتییەك له ئاوی خاسەی کەرکوك دا دەخنکێت/ (کەرکوك) به یەك (و) و (دا) جودا کراوەتەوه.**

**–هاوولاتییەك له ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێ/ (دەخنکێ) بەبێ (ت)ی کۆتایی. (هەرچەند ئەوەیان هەڵە نییه و هەردوو شێوازەکە دروستە).**

**–هاوولاتییەك له ئاوی خاسەی کەرکووك دەخنکێت/ (کەرکووك) به بێ (دا).**

**–هاوولاتییێك له ئاوی خاسەی کەرکووکا دەخنکێت/ (کەرکووکا)، (د)ەکە قوت دراوه.**

**–هاوولاتییەك له ئاوی خاسەی کەرکووکدا ده خنکێت/ (ده خنکێت)، (ده) له (خنکێت) جودا کراوەتەوه.**

–هاوولاتییەك لە ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێتن/ (دەخنکێتن)، پیتی (ن) خراوەتە سەر (دەخنکێت).

–هاوولاتییەك لە ئاوی خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (هاوولاتییەك) حەفتی سەر لامەکە هاتووەتە سەر ئەلفەکە.

–هاوولاتییەك لە ئاو خاسەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (ی)ی دوای وشەی (ئاو) قرتاوە.

–هاوولاتییەك لە ئاوی خاصەی کەرکووکدا دەخنکێت/ (س)ی وشەی (خاسە) بووەتە (ص).

–هاوولاتییەك لە ئاوی خاسەی کەرکووکدادەخنکێت/ (کەرکووکدا) و (دەخنکێت) بە یەکەوە لکێندراون.

ئەمە جگە لەوەی هەندێك جار (دەخنکێت)ەکە، دەکرێتە (ئەخنکێت).

**نموونەی دووەم:**

ڕستەی (زنجیرە تەقینەوەیەك لە بەغدا چەندین قوربانیی لێ دەکەوێتەوە)، بەم چەند شێوەیەش دەنووسرێن:

–زنجیرەیەك تەقینەوە لە بەغدا چەندین قوربانی لێ دەكەوێتەوە/ (زنجیرە تەقینەوەیەك) بووەتە (زنجیرەیەك تەقینەوە).

–زنجیرە تەقینەوەیەك لە بەغداد چەندین قوربانی لێ دەكەوێتەوە/ (بەغدا) بووەتە (بەغداد).

–زنجیرەتەقینەوەیەك لە بەغدا چەندین قوربانی لێ دەكەوێتەوە/ (زنجیرە) و (تەقینەوەیەك) بە یەكەوە لكێندراون.

–زنجیرە تەقینەوەیەك لەبەغدا چەندین قوربانی لێ دەكەوێتەوە/ (لە) و (بەغدا) بە یەكەوە لكێندراون.

–زنجیرە تەقینەوەیەك لە بەغدا چەندینقوربانی لێ دەكەوێتەوە/ (چەندین) و (قوربانی) بە یەكەوە لكێندراون.

–زنجیرە تەقینەوەیەك لە بەغدا چەندین قوربانی لێدەكەوێتەوە/ (لێ) و (دەكەوێتەوە) بە یەكەوە لكێندراون.

–زنجیرە تەقینەوەیەك لە بەغدا چەندین قوربانی لێ ئەكەوێتەوە/ (دەكەوێتەوە) بووەتە (ئەكەوێتەوە).

**نموونەی سێیەم:**

وشەی (ئایدیۆلۆژیا Ideology) کە چەند دەیەیەکە لە نووسین و میدیای کوردیدا بەکار دەبردرێت، بەم چەند شێوەیە دەنووسرێت:

ئایدۆلۆژیا/ ئایدۆلۆجیا/ ئیدیۆلۆجیا/ ئیدیۆلۆژیا/ ئیدیۆلۆگیا/ ئایدیۆلۆگیا/ ئەیدیۆلۆژیا/ ئەیدۆلۆجیا/ ئەیدیۆلۆگیا...

**نموونەی چارەم:**

وشەی (تەلەڤزیۆن)، ئەو ئامێرەی لە هەموو ماڵێکدا هەیە و هەمووان پێی ئاشنان، بەڵام بەوەندە جۆرە دەنووسرێت:

تەلەڤزیۆن/ تەلەڤیزیۆن/ تەلەفزیۆن/ تەلەفیزیۆن/ تەلەفیزۆن/ تەلەڤیزۆن/ تیلەفیزۆن/ تیلەڤیزۆن/ تیلەفیزیۆن/ تیلەڤیزیۆن/ تلفاز/ تیڤی...

**نموونەی پێنجەم:**

وشەی (حوکوومەت)، کە ڕۆژانە بەر گوێ و چاومان دەکەوێ، بەم چەند شێوەیە دەنووسرێت:

حکومەت/ حوکومەت/ حوکوومەت/ حوکمەت/ حکوومەت...

**نموونەی شەشەم:**

ناوی (ڕەئووف) وشەیەکی عارەبییە، کە بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرێت، ئەم چەند شێوەیەی هەیە:

ڕەئوف/ ڕەئووف/ ڕەوف/ ڕەووف... ئەمە جگە لەوەی، هەندێك یەکێك لەو چار شێوازە بە کار دەبەن، بەڵام بە (ر)ی سووك دەینووسن، بە هۆی ئەوەی گوایە هەموو (ر)یەکی سەرەتای وشە قەڵەوە، بۆییٚ حەفتەکەی ژێری نانووسن.

**نموونەی حەفتەم:**

وشەی (کولتوور)، کە بەرانبەر وشەی (فەرهەنگ، ڕۆشنبیری) دێت، بەم چەند شێوەیە دەنووسرێت:

کولتوور/ کەلتوور/ کولتور/ کەلتور/ کەڵچەر/ کلتور/ کلتوور.

# چەند گرفتێکی دیکە

## یەکەم: گرفتی پیتی (و) لە سەرەتای وشەدا

هەرچەندە دەمێکە ئەوە یەکلایی بووەتەوە کە هەر وشەیەك بە پیتی (و) دەست پێ بکات، ئەوا بە یەك (و) دەنووسرێت، نەك دوو (و)، بەڵام بەشێك لە ڕۆژنامە و تەلەڤزیۆنەکانی هەرێمی کوردستان بۆ (و)ی سەرەتا وشە دوو (و) دەنووسن لەباتی یەك (و)، بۆ نموونە لە وشەکانی (وڵات، ون، ورگ، وزە، وریا، وچان، ورە...) دەنووسن (ووڵات، وون، وورگ، ووزە، ووریا، ووچان،444ووره...).

ئەگەرچی کێشەی (و)ی سەرەتای وشە، پێشتر و بەتایبەتی لە چارەگی کۆتایی سەتەی بیستەمدا، زۆری لەسەر نووسراوە و تا ئاستێك یەکلایی بووەتەوە و ئێستاش تا ڕاددەیەکی بەرچاو کەم بووەتەوە، بەڵام هێشتا بە تەواوی بنبڕ نەکراوە.

## دووەم: پیتی (و)ی پێکەوەبەستن

(و)ی پێکەوەبەستن (عەتف) یا ئامرازی گەیاندن، ئەگەرچی بۆچوونی زانا و زمانەوانان زێتر بۆ ئەوە دەچێت، یا دەبێ بە وشەی پێشە خۆی بنووسێندرێت،

یا لە وشەی پێشە خۆی و دوای خۆی جودا بکرێتەوە، کەچی تا هەنووکە بە چەندین شێوە دەنووسرێت. وەك هەندێك بە وشەی پێش خۆیەوە دەنووسێنن، بۆ نموونە دەنووسن (ئازادو نەسرین). هەندێکیش بە وشەی دواوەی خۆیەوە دەنووسێنن –وەکوو ئەوەی لە ڕێنووسی عارەبیدا باوە–، وەك دەنووسن (ئازاد ونەسرین). تەنانەت هەندێکیش (و)ی پێکەوەبەستن بەهەردوو وشەی پێش خۆی و دوای خۆیەوە دەلکێنن! واتە دەنووسن (ئازادونەسرین).

لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێمدا جگە لە (و)، لێرە و لەوێ (وە)ش بۆ مەبەستی پێکەوەبەستن بەکار دێ، واتە دەنووسرێت (ئازاد وە نەسرین). هەرچەند ئەم دیاردەیە تا ئاستێکی بەرچاو کەم بووەتەوە و پێشتریش لە سەرچاوەگەلێکی کوردیدا ئەوە خراوەتە ڕوو کە ئەم (وە)یە لە عارەبییەوە پەڕیوەتەوە ناو زمانی کوردی، بەڵام هێشتا بنبڕ نەبووە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا و لەگەڵ زۆربوونی دەزگا بیندراو و خوێندرا و ئەلیکترۆنییەکاندا خەریکە زێتر لە جاران دەردەکەوێتەوە.

## سێیەم: ئەو وشە بیانییانەی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە

بەشی زۆری ئەو وشە بیانییانەی هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرێن، بەڵام بە

ڕێنووسی جودا جودا دەنووسرێن. ئەگەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەتەی ڕابردوودا، نووسەر و زمانەوانانی کوردستان، مشتومڕی ئەوەیان بووبێ، ئاخۆ ئەو ناوە بێگانانانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بە پیتی کوردی و ڕێنووسی کوردی بنووسرێن، یا بە پیت و ڕێنووسی زمانەکە خۆی، ئەگەر بە پیت و ڕێنووسی زمانە بێگانەکە بنووسرێن، ئایا بخرێنە ناو کەوانەوە یاخود نا. ئەوا ئێستا ئەو کێشانەمان نەماوە و هەر وشەیەکی بیانی کە لە میدیای کوردیدا بەکار دێ بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرێ، وەڵێ کێشەی گەورە ئەوەیە، بە دەگمەن وشەیەکی بیانی دەبینی هاتبێتە نێو زمانی کوردییەوە و لە میدیا و نووسراوی کوردیدا بە یەك ڕێنووس بنووسرێت.

بۆ نموونە وشەکانی (بیبسی، ئیمپریالیزم، فێستیڤاڵ، ڕێکلام، سیمینار، ئینتەرنێت، ملیۆن، ڕادیۆ، ڤاتیکان، کاریکاتێر، فیلم و نۆبڵ....) بە (بێبسی و پێپسی، ئەمپریالیزم و ئەمپریالسم، فیستیڤاڵ ڤیستیڤاڵ، ڕیکلام، سەمینار، ئەنتەرنێت، میلیۆن و مەلیۆن و ملوێن، ڕادوێ، فاتیکان، کاریکاتۆر، فلیم و نۆبێڵ...)یش دەنووسرێن.

بۆ ئەمەش هەندێك پێیان وایە هەر وشەیەك لە بنجدا لە زمانە بێگانەکەوە چۆنە، دەبێ وا بنووسرێت، هەندێکیش بە پێچەوانەوە وای دەبینن کە دەبێ لەگەڵ دەنگ و پیت و سروشتی زمانی کوردیدا بگونجێندرێت، وەك ئەو وشە بێگانانەی کە هاتوونەتە ناو زمانی عارەبی یا فارسییەوە و هەندێکیان گۆڕانکاریی

بەرچاویان بەسەردا هاتووە. لێرەدا گرنگە پسپۆڕ و شارەزایان لەسەر جۆرێکیان ڕێك بکەون و کۆدەنگی لەسەر دروست بکرێ، تا هەموو پیادەی بکەن. ئەوەندە هەیە کێشەکە لەوەڕا دەست پێ دەکات، زۆر وشە و زاراوە کە لە بنجدا ئینگلیزی، یا لاتینی، یا فەڕەنسایین... سەرەتا ڕاستەوخۆ لە یەکێك لەو زمانانەوە وەرناگیرێن، بەڵکوو لە زمانێکی دراوسێوە و بەتایبەتی عارەبییەوە وەردەگیرێن، دیارە لە عارەبیش بە گوێرەی سروشتی زمانەکەو ئەو دەنگانەی لە زمانەکەدا هەن وشەکان دادەڕێژرێنەوە و شکڵ وەردەگرن.

## چارەم: ناوی هەندێك شار و وڵات

ناوی هەندێك لە شار و وڵاتانی ناوچەکە و جیهان تا ئێستا بە دوو یا زێتر لە چەند ڕێنووسێك دەنووسرێن، بۆ نموونە: لەپاڵ بەکارهێنانی (سلێمانی)، (سلەیمانی، سولێمانی و سولەیمانی)ش دەنووسرێت، هەروەها بۆ (ڕواندز)، (ڕەواندز، ڕواندوز و ڕەواندوز)یش دەنووسرێت. (قەڵادزێ) بە (قەڵادزە)، (مێرگەسۆر) بە (مێرگەسوور)یش دەنووسرێن. تەنانەت بۆ (هەڵەبجە، پیشخابوور، شنگال، ئاکرێ و هەریر....)، (حەلەبجە، فیشخابوور، شنگار/ شەنگال/ سنجار، عەقرە و حەریر....) دەنووسرێن! هەروەها (عێراق) بە (عیراق، ئێراق)، (ئوردن) بە (ئەردەن و ئوردەن)، (کوێت) بە (کوەیت)، (بەحرەین) بە

(بەحرێن)، (ئەمەریکا) بە (ئەمریکا)، (بەریتانیا) بە (بریتانیا) و (ئیتالیا)ش بە (ئیتاڵیا–بە لامی قەڵەو)... دەنووسرێن.

## پێنجەم: (ی)ی نیسبەت خستنەپاڵ ناوی شار و وڵاتان

مەبەست لەو (ی)یە کە دەخرێتە پاڵ شار و وڵاتان، بۆ ئەوەی وا لە (خوێنەر، گوێگر و بینەر)ی بگەیەنین کە ئەم کەلوپەلە ئی ئەم وڵات یان ئەو شارەیە، یا ئەو کەسە خەڵکی فڵانە وڵاتە، یا ئەم ئامێرە دروستکراوی فیسار مەملەکەتە... بۆ نموونە: هەندێك (ئەمەریکایی، فەڕەنسایی، کەنەدایی، هۆڵەندایی و ئیتالیایی....) دەنووسن و هەندێکی دیش وەك زمانی عارەبی وشەکانی (ئەمەریکی، فەڕەنسی، کەنەدی، هۆڵەندی و ئیتالی...) بەکار دەهێنن، ئەمەش جۆرێك لە سەرلێشێوان –بەتایبەت لای قوتابیانی قۆناغی بنەڕەتی– دروست دەکات، بۆیە پێویستی بە یەکلاکردنەوە هەیە و بە ڕای بەشێکی زۆری زمانەوان و زانایانیش (ئەمەریکایی، فەڕەنسایی، کەنەدایی.....) ڕاستترە لە (ئەمەریکی، فەڕەنسی، کەنەدی.....).

## شەشەم: گرفتی ژمارە

زۆر دەم دەبینین لە میدیای کوردیدا ژمارەکان بە شێوەی جودا دەنووسرێن. بۆ نموونە ڕەنگە ئەگەر لە کاتی نووسینی ژمارە هەزاردا بنووسرێت: (١٠٠٠)، یان (هەزار)، یان (١) هەزار، یاخود بنووسرێت (١٠٠٠) هەزار، کە ئەوەی دواییان بۆ دڵنیابوونەوە و جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی ژمارەکە هەزارە و ژمارەی دیکە نییە، بەڵام ئەوەی نائاساییە بۆ سەت هەزار دینار بنووسرێت (١٠٠٠٠٠ هەزار دینار)، یان بۆ دەهەزار دۆلار بنووسرێت (١٠٠٠٠ هەزار دۆلار)! یان بۆ پێنج هەزار یۆرۆ بنووسرێت (٥٠٠٠ هەزار یۆرۆ).

هەڵەیەکی دیکە کە بەردەوام لە ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان و شریتی هەواڵ و ڕێکلامی تەلەڤزیۆنەکانی هەرێمی کوردستاندا دەیبینین ئەوەیە، بۆ نموونە: ئەو کاتەی دەیانەوێت بڵێن (پۆلی دوازدەی ئامادەیی)، لەجیاتی ئەوەی بنووسن (١٢)ی ئامادەیی، دەنووسن (١٢) ئامادەیی. یا کە دەیانەوێت بڵێن (سێی بنەڕەتی)، لەباتی (٣)ی بنەڕەتی ، دەنووسن (٣) بنەڕەتی.

ئەمە جگە لەوەی ئەو ژمارانەی نیشانەی پلەیان بۆ دادەندرێت بە یەك ڕێنووسی هاوبەش نانووسرێن، بۆ نموونە دەبینین لەگەڵ (دووەم، دوازدەمین، شازدەیەم و نۆزدەمین...)، هەروەها (دووهەم، دوازدەهەمین، شازدەهەم و نۆزدەهەمین...)یش بە کار دێ، تەنانەت هەندێك بە (دوازدە هەمین، شازدە هەم و

نۆزدە هەمین...)یش دەینووسن، واتا (هەم و هەمین)ەکە لە ژمارەکەی پێش خۆی جودا دەکەنەوە. وشەی (سێیەم) بە (سێ یەم) و (سێیەم) و (سێهەم) و (سێهەم)یش دەنووسرێن.

هەروەها بۆ نموونە ئەگەر بویستری بنووسرێت (پازدە لە سەتای خەڵکی کوردستان نەخوێندەوارن)، بە شێوەکانی (١٥٪ خەڵکی کوردستان نەخوێندەوارن)، ((١٥٪ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوارن) و (١٥٪ ی خەڵکی کوردستان نەخوێندەوارن)، واتە (١٥٪)ەکە جارێك بەبێ پیتی (ی) دەنووسرێت، جارێك (ی)ەکە دەنووسرێت و ڕاستەوخۆ بە (١٥٪)ەکەوە دەلکێندرێت، جارێکی دی (ی)ەکە دەنووسرێت، بەڵام بە (١٥٪)ەکەوە نالکێندرێت...

سەبارەت بە دیاریکردنی کاتەکانیش کێشە هەیە، بۆ نموونە بۆ کاتژمێر هەشت و نیوی شەو، دەنووسرێت (٨:٣٠)، (٨,٥)، (٨:٣٠ خولەك)، کە ئەوەی سێیەمیان دروستترە لە دووانەکەی دی...

## حەفتەم: تێکەڵبوونی هەردوو (دا)ی پاشگر و کار

پاشگری (دا)، لە نموونەی (لە چاوپێکەوتنێکدا...)، (لەم پرۆژەیەدا...)، (لە شاردا...)، (لێرەدا...)، (لەگەڵ ئێوەدا...)، (بەخۆدا دێمەوە...)، (بە ناخی زەویدا)، (دیارییەکەم بە تارادا نارد)، (لەناو باخچەدا...) و هتد... کە پاشگرە و

بڕوای زانایانی بواری زمان لەسەر ئەوەیە کە بە وشەی پێش خۆیانەوە دەنووسێندرێن، نەك بە جودا بنووسرێن، وەك ئەوەی هەندێ لە نێوەندی ڕاگەیاندن و میدیاکار دەنووسن: (لەم پرۆژەیە دا، لە شار دا، لێرە دا، لەگەڵ ئێوە دا، بەخۆ دا دێمەوە، بە ناخی زەوی دا، دیارییەکەم بە تارا دا نارد، لەناو باخچە دا...)، ئەمە وەکوو ئەوە وایە لەباتی (لە هەولێرێ، لێرەڕا، لە کەرکووکەوە....)، بنووسرێت (لە هەولێر ێ، لێرە ڕا، لە کەرکووك ەوە...)! پێچەوانەی ئەمەش (دا)ی کارە، کە لە چاوگی (پێدان و لێدان)ەوە وەرگیراوە، بۆ نموونە کە دەگوترێت (موشەکێکی لەو شارە دا)، یان (توانجێکم لێی دا)، یان (سەرێکم لە دایکم دا)، یان (هەندێ پارەم بە منداڵەکە دا)، یا (تەلەڤزیۆنەکەم بە کۆنەفرۆشەکە دا) و هتد... گەرەکە بە جودا بنووسرێن، بەڵام زۆر جار میدیاکارانی کوردستانی باشوور دەنووسن (موشەکێکی لەو شارەدا)، یان (توانجێکم لێیدا)، یان (سەرێکم لە دایکمدا)، یان (هەندێ پارەم بە منداڵەکەدا)، یا (تەلەڤزیۆنەکەم بە کۆنەفرۆشەکەدا) و هتد...

لەم بارەوە مامۆستا (محەمەدی مەلا کەریم) دەڵی: "ئەم دوو (دا)یە زۆر لە یەك جیاوازن و ڕەوا نییە بە یەك جۆر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. (دا)ی پاشگر دەبێ لەگەڵ پێشەوەکەیدا بنووسرێ چونکە تەنیا حاڵەتێکی ئیعرابییە و بۆ خۆی

هیچ واتایەك نادا، لە كاتێكدا كە دووهەمیان ڕستەیە و كارە لەگەڵ ئەندەروونێكی نادیار (ضمیر غائب)دا.[19]

## هەشتەم: پیتی (ڕ)ی سەرەتای وشە

ئەوە ڕوونە كە هەر وشەیەك سەرەتایەكەی بە پیتی (ڕ) دەست پێ بكات، ئەوا ئەو (ڕ)یە قەڵەوە، جا بەو بیانووەی هەموو (ڕ)ێكی سەرەتای وشە قەڵەوە، گوایە پێویست بە حەفتی ژێر (ڕ)یەكە ناكات، وەك دەبینین بۆ نموونە لە كاتی نووسینی وشەكانی (مەڕ، پۆڕ، بڕین، پەڕە، بڕوا، فڕۆكە، شەڕ، بڕنەو، بڕین، تەڕ....) حەفتی ژێر (ڕ)یەكان دەنووسرێن، بەڵام لەكاتی نووسینی بۆ نموونە وشەكانی (ڕزگار، ڕێوی، ڕەش، ڕووناك، ڕەق، ڕەو و ڕەفتار...) حەفتی ژێر (ڕ)یەكە بایەخی پێ نادرێت و لەبری ئەوە دەنووسرێت (رزگار، رێوی، رەش، رووناك، رەق، رەو و رەفتار...).

---

١٩ –محەمەدی مەلا كەریم، لە بارەی زمانی یەكگرتووی كوردیو چەند بابەتێكی كولتوری كوردییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

## نۆیەم: نیشانەی (ئە) و (دە)ی سەرەتای کاری ڕانەبردوو

ئەگەرچی لە زووەوە، سەبارەت بە (ئە) و (دە)ی سەرەتای کاری ڕانەبردوو نووسراوە و لە کاتی خۆیدا تا ئاستێك یەکلایی کراوەتەوە، وەلێ وەك دەبینین هێشتا لەسەر شاشەی تیڤییەکان و لاپەڕەی ڕۆژنامەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەم کێشەیە تا ڕاددەیەکی زۆر بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە هەندێ کەڕەت میدیاکاران و نێوەندەکانی ڕاگەیاندنی ئێمە لەباتی (دەخۆم، دەبەین، دەچم، دەڕوات، دەبارێ، دەخەوێت....)، دەنووسن (ئەخۆم، ئەبەین، ئەچم، ئەڕوات، ئەبارێ، ئەخەوێت....)، کە ئەمەش ئەگەر لە زمانی ئاخاوتندا دیاردەیەکی ئاسایی بێ، وەلێ لە زمانی نووسیندا دەبێ پارێزگاری لە شێوازە دروست و دەستکارینەکراوەکە بکرێت.

## دەیەم: (و)ی نێوان دوو وشەی لێکدراو

لە زۆربەی وشە لێکدراوەکاندا، ئەو (و)ەی هەردوو وشەکە پێکەوە دەبەستێت، بۆچوونی دروست لەسەر ئەوەیە کە دەبێ (و)ەکە بە هەردوو وشەی پێش خۆی و دوای خۆیەوە بلکێندرێت، لەبەر ئەوەی هەر دوو وشە لێکدراوەکە بە هۆی (و)ەکەوە یەك وشەی سەربەخۆیان دروست کردووە و بووەتە وشەیەکی قامووسی و ناکرێ لە یەك جودا بکرێنەوە، یا هەندێ جار ئەم دوو وشە لێکدراوە،

ئەگەر یەکێکیان بە تەنیا بنووسرێت هیچ مانایەکی نییە، یا مانایەکی جوداوازی دیکە بە دەستەوە دەدات.

کەچی هەندێ جار دەبینین، بۆ نموونە لەباتی ئەوەی بنووسرێت (تەنگوچەڵەمە، گیروگرفت، دامودەزگا، قاپوقاچاخ، کرچوکاڵ، کەلوپەل، کاروبار، هەڵیتوپەڵیت، تریقوهۆڕ، چوڵوهۆڵ، شاتوشوت، کەموکوڕی، کەسوکار...)، دەنووسرێت (تەنگ و چەڵەمە، گیر و گرفت، دام و دەزگا، قاپ و قاچاخ، کرچ و کاڵ، کەل و پەل، کار و بار، هەڵیت و پەڵیت، تریق و هۆڕ، چوڵ و هۆڵ، شات و شوت، کەم و کوڕی، کەس و کار...)، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر هەر یەك لە وشەکانی (تەنگ، گیر، دام، کاڵ، کەل، بار، کوڕ، پەڵیت، هۆڕ، شوت، کەم و کار...) بە تەنیا بنووسرێن، ئەوا دوورن لەو مانایانەی کە وشەکانی (تەنگوچەڵەمە، گیروگرفت، دامودەزگا، قاپوقاچاخ، کرچوکاڵ، کەلوپەل، کاروبار، هەڵیتوپەڵیت، تریقوهۆڕ، چوڵوهۆڵ، شاتوشوت، کەموکوڕی و کەسوکار...) هەیانە.

## یازدەیەم: جیاوازی نەکردن لەنێوان هەردوو (تر)ەکەدا

لە کوردیدا (تر)ێك هەیە بۆ بەراوردکرن بەکاردێت، (ترین)یش هەر بۆ بەراورد بەکاردێت بۆ پلەی باڵا، کە بە ئاوەڵناوی پلەی بەراورد و ئاوەڵناوی بەراورد بۆ پلەی باڵا ناو دەبردرێن، لەم شوێنەدا دەبێ ئەو (تر، ترین)ە، بە وشەی

پێش خۆیەوە بلکێندرێت. بۆ نموونە کە دەگوترێت (پیرتر، باشتر، گەورەتر، درێژتر، ڕەقتر، ساردتر، تاریکتر، ڕوونتر، هەرزانتر، قورستر...)، یا (پیرترین، باشترین، گەورەترین، درێژترین، ڕەقترین، ساردترین، تاریکترین، ڕوونترین، هەرزانترین، قورسترین...)، لێرەدا هەندێ جار ئەو (تر) و (ترین)ە لە وشەکانی پێش خۆیان جودا دەکرێنەوە و بە هەڵە دەنووسرێن (پیر تر، باش تر، گەورە تر، درێژ تر، ڕەق تر، سارد تر، تاریك تر، ڕوون تر، هەرزان تر، قورس تر...)، یا (پیر ترین، باش ترین، گەورە ترین، درێژ ترین، ڕەق ترین، سارد ترین، تاریك ترین، ڕوون ترین، هەرزان ترین، قورس ترین...). هەروەها نیشانەی (هەرە) کە دیسان بۆ پلەی باڵای بەراورد بەکار دێت، بۆ نموونە (هەرەباش، هەرەجوان، هەرەکەڵەگەت، هەرەگەورە...)، ئەویش هەندێ جار بە (هەرە باش، هەرە جوان، هەرە کەڵەگەت، هەرە گەورە...) دەنووسرێن.

بەڵام (تر)ێکی دی هەیە کە بۆ پلەی بەراورد بەکار نایەت، بەڵکوو ئاوەڵناوی ژمارەیە و بە مانای (دی، دیکە) دێت، بۆ نموونە کە دەگوترێت (شارێکی تر، جارێکی تر، هەوارێکی تر، منداڵێکی تر، شەوێکی تر....) و بە مانای (شارێکی دی، جارێکی دی، هەوارێکی دی، منداڵێکی دی، شەوێکی دی....) یان (شارێکی دیکە، جارێکی دیکە، هەوارێکی دیکە، منداڵێکی دیکە، شەوێکی دیکە....) دێت، پێچەوانەی ئەوەی یەکەم کە بۆ پلەی بەراورد بەکاردێت، دەبێ بەیەکەوە نەلکێندرێن، کەچی دیسان هەندێ جار لە میدیاکانی ئێمەدا ئەو

نموونەی سەرەوە دەنووسرێت (شارێکیتر، جارێکیتر، هەوارێکیتر، منداڵێکیتر، شەوێکیتر....).

## دوازدەیەم: ئەو ناوەی عارەبییانەی بە کوردی دەنووسرێن

یەکێك لەو کێشانەی کە تا ئێستا لەنێو ڕێنووسی کوردی لە میدیای ئێمەدا بەر چاو دەکەوێت، نووسینی ناوی عارەبییە، ئەگەرچی ئێستا ناوە عارەبییەکان بە ڕێنووسی کوردی دەنووسرێن و لەسەر ئەوەش بە کردەوە کۆڕاییەك هەیە، واتە هەمووان پیادەی دەکەن، بەڵام بێ گرفت و کەموکووڕی نییە.

بۆ نموونە ناوەکانی (محەمەد، حوسێن، محێدین، عەبدوڵڵا، سلێمان، عەبدولغەففار، فازیل، جەمال، فەتتاح و تاریق....)، بە (محەممەد/ موحەممەد/ موحەمەد، حسێن/ حوسەین/ حسەین، محیەدین، عەبدوڵا، سولەیمان/ سلەیمان/ سولێمان، عەبدولغەفار، فازل، جەماڵ– بە لامی قەڵەو، فەتاح و تارق....)، دەنووسرێن.

هەروەها ناوەکانی (عەبدوڕەحیم، عەبدوڕەحمان، عەبدوڕەزاق...)، بە (عەبدولڕەحیم، عەبدولڕەحمان، عەبدولڕەزاق...) دەنووسرێن، لە کاتێکدا (ل)ی پێش (ڕ)یەکان ناخوێندرێنەوە، چونکە لە عارەبیدا لامی شەمسی دەنووسرێت،

بەڵام ناخوێندرێتەوە، ئەمە بۆ کوردی ڕاست دەرناچێت، واتە مادام ناخوێندرێتەوە، دەبێ لە هەر بنەڕەتدا نەنووسرێت. یاخود دەکرێت بۆ ئەو نموونانەی سەرەوە و هاوشێوەکانیان (عەبدوڕڕەحیم، عەبدوڕڕەحمان، عەبدوڕڕەزاق...)، بە کار بهێندرێن و لەبەر ئەوەی لە عارەبیدا (ڕ)یەکان (شەددە)ی لەسەر دەبێت، لەبری یەك (ڕ) دووان بنووسرێن.

## سێزدەیەم: خاڵ و وێرگوڵی نێوان دوو وشە یان دوو ڕستە

لە زۆرێك لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کوردستاندا، کاتێك خاڵ، یا وێرگوڵ دەنووسرێ، نالکێندری بەو وشە یا ڕستەیەی پێش خۆیەوە. بۆ نموونە لەباتی ئەوەی بنووسرێت (لە ڕێنووسی کوردیدا، ئاستەنگ هەیە)، دەنووسرێت (لە ڕێنووسی کوردیدا ، ئاستەنگ هەیە)، لێرەدا ئەو وێرگوڵەی لە دوای وشەی کوردیدا هاتووە، بە بڕوای شارەزایان دەبێ بلکێندرێ بە وشەی (کوردیدا)، بەم شێوەیە (کوردیدا، ...)، نەك (کوردیدا ،...).

یا بۆ نموونە کە دەگوترێت (سەرۆك کۆمار گوتی: ....)، دەبێ ئەو دوو خاڵە لەسەر یەکەی دوای وشەی (سەرۆك کۆمار) هاتووە، بلکێندرێ بە سەرۆك کۆمارەوە، نەك بنووسرێت (سەرۆك کۆمار گوتی : ....).

**هەروەها لە کاتی دانانی (خاڵ)ی کۆتایی ڕستە (.)، یا دانانی چەند خاڵێك (....)، دەبێ بلكێندرێن بە كۆتایی ڕستە یا وشەی پێش خۆیانەوە، بۆ نموونە کە دەگوترێت (شەرمین چوو بۆ قوتابخانە.)، یا (ڕێبوار لە فەرمانگە گەڕایەوە.)، پێویستە خاڵی کۆتایی ڕستە، بە ڕستەکەوە بلکێندرێت و جیا کرابێتەوە لەو وشە و ڕستەیەی دوای خاڵەکە دێن، واتا بنووسرێن (قوتابخانە.)، (گەڕایەوە.)، نەك (قوتابخانە .)، (گەڕایەوە .)، کەچی لە میدیای کوردیدا دەبینین زۆر جار لە ناو یەك دەزگای ڕاگەیاندندا، هەر جارە بە شێوەیەك بەکاردێت، یا هەر کارمەند یا نووسەر و ڕۆژنامەنووس بە جۆرێك بە کاری دێنێ!**

**چاردەیەم: نیشانەکانی کۆی (ان، ات، ، هات، وات، جات، یان، گەل، ەها، ین)**

**دیارە هەر یەك لەم نیشانانە لە زمانی کوردیدا، وشەی تاك دەکەن بە کۆ. بۆ نموونە:**

**کوڕ/ کوڕان. گوڵ/ گوڵان. دار/ داران. ڕۆژنامەنووس/ ڕۆژنامەنووسان.**

**باخ/ باخات.**

**دێ/ دێهات**

**سەوزە، سەوزەوات. ئاغا/ ئاغاوات**

میوە/ میوەجات (نموونەی زۆر کەم لە بارەیەوە هەیە)

مامۆستا/ مامۆستایان. چەقۆ/ چەقۆیان (بۆ ئەو وشانەی بە پیتی بزوێن کۆتاییان دێت).

کوڕ/ کوڕگەل. شت/ شتگەل. گوند/ گوندگەل

چەن/ چەندەها. ملیۆن/ ملیۆنەها (کە زێتر بۆ ژمارە و چەندێتی بە کار دێت و لە فارسییەوە هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە).

چەند، چەندین

ئاشکرایە کە ئەم نیشانانە دەبێ بلکێندرێن بەو وشە تاکەی پێش خۆیانەوە کە بەهۆی نیشانەکەوە دەبن بە کۆ، بەڵام میدیاکارانی ئێمە هەندێ لە نیشانەکان دەلکێنن بە وشەکەوە و هەندێکی تر نالکێنن! وەك بڵێی بەشێك لەو نیشانانە بە وشەی سەربەخۆ دەزانن. بۆ نموونە دەنووسن (کوڕان، ڕۆژنامەنووسان...)، بەڵام (کوڕگەل، شتگەل، چەندین، سەوزەوات...)، بە (کوڕ گەل، شت گەل، چەند ین، سەوزە وات...)، ئەمە لە کاتێکدا هەموویان نیشانەی کۆن و هیچ جیاوازییەك نییە لە نێوان (کوڕان و کوڕگەل، شتان و شتگەل)دا، واتە وەك چۆن نابێ بنووسرێت (کوڕ ان، شت ان)، بە هەمان شێوە (کوڕ گەل، شت گەل) دروست نییە، بەڵکوو (کوڕگەل، شتگەل) ڕاستە. ئەوە سەبارەت بە (چەندین، ملیۆنەها، سەوزەوات، باخات، دێهات، مامۆستایان...)یش هەر وایە و لە

هەموو کاتێکدا نیشانەی کۆ دەلکێندرێت بە وشەی پێش خۆیەوە، کە لە بنجدا تاکە و بەهۆی نیشانەکەوە دەبێتە کۆ.

## پازدەیەم: بەیەکەوەنووساندنی وشەی لە یەك جودا و سەربەخۆ

بەشێك لە نووسەران و میدیاکاران، جاری وا هەیە دوو وشە یا چەند وشەیەکی لە یەك جیاواز و سەربەخۆ بە یەکەوە دەلکێنن، بۆ نموونە وشەکانی (زمانی کوردی، عاشقی بووە، هیچ نەبێ، مامەڵەی ڕەسمی، مەلا ڕێبوار، کوڕی کاك ڕەسووڵ و هتد...)، دەکەنە (زمانیکوردی، عاشقیبووە، هیچنەبێ، مامەڵەیرەسمی، مەلاڕێبوار، کوڕیکاکرەسووڵ و هتد...). مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم پێی وایە ئەم عادەتە لە لاساییکردنەوەی وشەی ئەڵمانییەوە هاتووە هەندێ کەس دایان هێناوە.[٢٠] وا پێ دەچێت مەبەستی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم دەستەی ڕۆناکبیرانی ڕەهەند بێت. جارێکیش لە نووسەرێکی دیکەی ئەوروپانشینم بیست کە گوایا گروپی (ڕەهەند) زمانی کوردییان تێکداوە، بەپێی گوتەی ئەو نووسەرە، تەنانەت ناوی نێوەند و گۆڤارەکەشیان هەڵەیە، وەك ئەو

---

٢٠ – محەمەدی مەلا کەریم، لە بارەی زمانی یەکگرتووی کوردیو چەند بابەتێکی کولتوری کوردییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

دەیگوت: "وشەی ڕەهەند لە فەرهەنگدا تەنیا بە مانای (خەندەق) یا (خەندەك) دێت، نەك بە مانای (بوعد)ی عەرەبی".[21]

هەندێ جار بۆ نموونە وشەیەکی وەکوو (سەرلێشێواندن)، کە چاوگێکی ناسادەیە، بە شێوەی جودا دەنووسن، بەڵام کە دەیانەوێت بنووسن (سەری لێ شێوا)، کە بۆ خۆی دەبێتە ڕستەیەك و پێویستە بە شێوە جودا بنووسرێت، کەچی ڕێك پێچەوانەی چاوگەکە بەسەریەکەوە دەینووسن!

لە بابەتی بەیەکەوەلکاندن و لێك جوداکردنەوەی وشەکاندا، دەتوانین بۆ چەند جۆرێك پۆلینیان بکەین:

١- هەندێك حەز دەکەن هەموو وشەیەك بە یەکەوە بنووسێنن، تەنانەت جاری وا هەیە زێتر لە سێ چوار وشەی تەواو سەربەخۆ بە یەکەوە دەلکێنن.
٢- هەندێك حەز دەکەن هەر بڕگەیەك بە شێوەی جودا بنووسن، بە پێچەوانەی ئەوانەی یەکەم، تەنانەت بۆ نموونە لە هەندێ وشە و ناوی زۆر کورت و سادە، لە یەکیان دەترازێنن. بۆ نموونە لەباتی (تەقتەق، پشدەر، لەقلەق) پێیان خۆشە بنووسن (تەق تەق، پشت دەر، لەق لەق).
٣- دەستەیەکیش باوەڕیان بە هیچ لەم دوو فۆرمەی سەرەوە نییە و چۆنی ڕێك کەوت، چۆنی لوا وای دەنووسن.

---

٢١ - بنوارە: زیاد ڕەشاد قادر (ئامادەکردن)، گوتوبێژ-نۆ گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٤- دەستەیەکیش هەوڵ دەدەن شێوە دروستەکەی چۆنە، ئەوها بنووسن، وەلێ سەریان لێ شێواوە و نازانن بە گوێی کێ بکەن، کامەی ڕاستە و کامەی هەڵە.

بەڵام ئەوەی زۆر بەڵگەنەویستە ئەوەیە، دانانی بنەما و دەستووری ڕێنووس، نە بە حەز و ئارەزووی ئەم و ئەو دەبێ، نە بە فرە مەرجەعی و فرە مامۆستایی.

## شازدەیەم: (وو)ی ناوەڕاست و کۆتایی وشە

بەشێك لە میدیاکانی هەرێمی کوردستان وەك بڵێی هەر دان نەنێن بە دوو (و)ی بە دوای یەکدا هاتوو لە وشەیەکدا بە هیچ شێوەیەك بە کاری ناهێنن. بۆ نموونە وەك چۆن وشەکانی (هەور، هەولێر، گاور، تەور، قەڵەو، هەتاو، شەو...) یەك (و)یان هەیە، بە هەمان شێوە وشەکانی (ڕێنووس، ڕووداو، سەروو، دوور، بەڕوو، سنوور، ڕوو، سوور، شوو، ئارەزوو، جەسوور، مێژوو، دوو....)، بە (ڕێنوس، ڕوداو، سەرو، دور، بەڕو، سنور، ڕو، سور، شو، ئارەزو، جەسور، مێژو، دو....) دەنووسن،. هەندێك دەزگای ڕۆژنامەوانی تریش هەندێ جار یەك (و) دەنووسن و هەندێ جار دووان.

هەروەها بۆ وشەکانی (خواردووەتەوە، بردووەتەوە، چووەتەوە، کردووەتەوە، هاتووەتەوە، بووەتەوە، هەڵاتووەتەوە، گەیشتووەتەوە....)، هەندێك دەنووسن (خواردۆتەوە، بردۆتەوە، چۆتەوە، کردۆتەوە، هاتۆتەوە،

هەڵاتۆتەوە، گەیشتۆتەوە....)، واتە (ووە)یەکە دەکرێتە(ۆ)، کە ئەمە دیاردەیەکی ئاساییە، لەگەڵ ئەوەش بۆ پارێزگارکردن لە ئەسڵی وشەکە، وەها پێویستە (ووە)کە نەکرێتە (ۆ).

## حەڤدەیەم: ئەو وشانەی دوو جار بە دوای یەکدا دێن

مەبەست ئەم وشانەیە کە هەر دەزگا یا نووسەرێك بە جۆرێکی دەنووسێت، لە نموونەی وشەکانی: (وردە وردە، تنۆك تنۆك، کلوو کلوو، جوان جوان، بەرە بەرە، خاو خاو، یەك یەك، جار جار، شەقار شەقار...)، کە بەم شێوەیەش دەنووسرێن: (وردەوردە، تنۆکتنۆك، کلوکلو، جوانجوان، بەرەبەرە، خاوخاو، یەکیەك، جارجار، شەقارشەقار...)، کە بە بڕوای ئێمە شێوەی یەکەمیان دروستترە.

## هەژدەیەم: ئەو وشانەی کە (نا) و (نە)ی پێشگریان هەیە

بۆ نموونەی هەر یەك لە وشەکانی (ناڕوون، ناتەواو، ناڕێك، ناپیاو، ناڕەسەن،...)، ئاسایی وەك وشەکانی (نازەنین، نامە، نانەوا، ناڵە...)، دەبێ (نا)یەکە بلکێنن بە وشەکانی پێش خۆیانەوە، کەچی نازانم بە چ پاساوێك هەندێك بە (نا ڕوون، نا تەواو، نا ڕێك، نا پیاو، نا ڕەسەن...)ی دەنووسن، واتا (نا)یەکە لە وشەی پێش خۆی دەترازێنن. ئەمە بۆ ئەو وشانەی (نە)یشی لە پێشە

**هەر وایە، بۆ نموونە وشەکانی (نەشیاو، نەزان، نەکولاو، نەڕووخاو...)، بە هەڵە بە (نە شیاو، نە زان، نە کولاو، نە ڕووخاو...)ی دەنووسن.**

## نۆزدەیەم: گرفتی (چییە) و (نییە)

**هەردوو وشەی (چییە) و (نییە) و هاوشێوەکانیان، بە هەڵە بە چەند ڕێنووسێك دەنووسرێن، وەك (چیە، چییە، چیyە، چی یە) و (نیە، نییە، نیyە، نی یە).**

## بیستەم: (ت)ی وشەکانی (دەستنوێژ و شەستتیر و پشتدێن...)

**بۆ هەر یەك لە وشەکانی (دەستەلات، شەستتیر، دەستپێك، پشتدێن، پشتدەر، دەستبەجێ، دەستکاری، دەستگیرکردن، ئاگربەست، دەستڕێژ، دەستتێوەردان...)، کە لە کاتی دەبڕیندا (ت)یەکە ناگوترێت، بەلام خۆ دەبێت (ت)یەکە بنووسرێت، با لە کاتی خوێندنەوەشدا دەرنەبڕدرێت، بۆ ئەوەی ڕێنووسەکەمان پارێزراو بێت. ئەگەرچی بۆچوونێکیش هەیە بە ڕێسای کورتکردنەوە و ئاسانکاری پێی وایە بنووسرێت (دەسەلات، شەستیر، دەسپێك، پشدێن/ پژدێن، پشدەر، دەسبەجێ، دەسکاری، دەسگیرکردن، ئاگربەس،**

دەسڕێژ، دەستێوەردان...) باشترە، بەڵام هیچیان جێگیر نەکراون، بۆیێ بە هەردوو ڕێنووسەکە دەنووسرێن.

## بیست و یەکەم: جێگۆڕکێی پیتی (غ) و (خ) لە هەندێك وشەدا

بۆ وشەکانی (قاچاخ، بناخە، خەزەڵوەر، خەم، باخ، خەڵووز، خونچە، جەخت، وڵاخ، سۆراخ، قەدەخە، قۆرخ...)، (قاچاغ، بناغە، غەزەڵوەر، غەم، باغ، غەڵووز، غونچە، جەغت، ، وڵاغ، سۆراغ، قەدەغە، قۆرغ...)یش بە کار دێن، هەندێك بۆ ئەو وشانە پیتی (خ) بە دروست دەزانن و هەندێکیش پیت (غ)، هەندێکی دیش هەر جارە یەکێکیان بە کار دێنن. بۆ ئەم وشانەی باسمان کردن و هاوشێوەکانیان بەگوێرەی زۆرێك لەو سەرچاوانەی ئێمە بەرچاومان کەوتوون بەکاربردنی پیتی (خ) ڕاستتر و ڕەسەنترە.

# گرفتەکانی وشە ڕۆنان و زاراوەی قامووسی[٢٢]

لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا، جگە لەو گرفت و قەیرانانەی لە بواری ڕێنووسدا هەیە، هەروەها چەندین گیروگرفت لە بواری ئیستاتیکی و وشەڕۆنان و زاراوە و وشەی قامووسیدا هەیە، کە هەندێکیان ڕاستی و ناڕاستییان یەکلایی نەکراوەتەوە، هەندێکیشیان لە ڕابردوو و ئێستادا، لە لایەن زۆرێك لە شارەزا و زمانناسانەوە شێوازە ڕاست و دروستەکەیان پیشان دراوە، کەچی زۆر دەم شێوە بە هەڵە ناسێندراوەکە بەر چاو دەکەوێت.

## گرفتی تێکەڵبوونی هەندێ وشە و زاراوە

کۆمەڵێك وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا هەن، تەنیا لەبەر ئەوەی وێنە و شکڵی وشەکان لە یەك دەچن. بە بێ ئاگایی یا بە هەند نەگرتنی بابەتەکە،

٢٢ – جگە لە وشەی (قامووس)، زۆرێك (فەرهەنگ) دەنووسن و زۆربەی ئەو کتێبانەی لەو بوارەشدا کاریان کردووە (فەرهەنگ)یان بە کار هێناوە، وەلێ بە هۆی ئەوەی (فەرهەنگ) لە بنجدا فارسییە و زۆر جار لەگەڵ وشەی (ڕۆشنبیری و کلتوور) تێکەڵ دەبێت، بۆیێ (قامووسم)ان نووسیوە، ئەگەرچی قامووسیش لە یۆنانییەوە هاتووەتە نێو زمانی عارەبی و لەوێشەوە پەڕیوەتەوە نێو کوردی. لە بەرانبەر (قامووس و فەرهەنگیش)دا چەندین زاراوەی لە چەشنی (وشەنامە)، (وشەدان)، (گەنجینەی وشە)، (بانکی وشە) و تەنانەت (وشەوانی)ش باس کراون، بەڵام تا ئێستا هیچیان بە تەواوی جێگیر نەبوونە.

لێرەولەوێ تێکەڵ دەکرێن، ئەگەرچی بەپێی قامووسە کوردییەکان لە ڕووی مانا و مەبەستەوە ئەم وشە و زاراوانە تەواو لە یەك جوێن، لە نموونەی ئەو وشە و زاراوانەش:

١- **گەل و گەڵ:** ئەگەرچی تەنیا لە لامی کۆتایی وشەکەدا جوداوازییان هەیە، هی یەکەم لامی سووك و ئەوەی دووەمیش لامی قەڵەوە، کەچی هەندێ جار (گەل) بە (گەڵ) دەنووسرێت و هەندێ حاڵەتیش (گەڵ) دەکرێتە (گەل).

٢- **هەل و هەڵە**: لێرەشدا دەبینین ئەم دوو وشەیە تێکەڵ دەکرێن، بەتایبەتی لەو کاتانەی وشەی (هەل) دەخرێتە ڕستەوە و پاشگری (ە)ی بۆ زێدە دەکرێت. بۆ نموونە لەباتی (قۆستنەوەی هەلەکە)، دەنووسرێت (قۆستنەوەی هەڵەکە)، یان ڕستەی (ئەو هەلە لە دەست مەدە) دەکرێتە (ئەو هەڵە لە دەست مەدە).

٣- **پلان و پیلان:** زۆر جار کە باسی (پلان) دەکرێت، دەنووسرێت (پیلان). هەر وەك حاڵەت بووە (پلان) نووسراوە، کەچی مەبەست لێی (پیلان) بووە، ئەگەرچی لەڕووی ماناوە خزمایەتی لەنێوان هەردوو وشەکەدا هەیە، لە ڕواڵەتیشدا تەنێ یەك (ی)ی پیلان لە پلان زێترە، لەگەڵ ئەوەش تێکەڵکردنیان بۆ کەسێك کە لە دوانگەیەکی میدیاییەوە بۆ خەڵك قسە دەکات و دەنووسێت، نەنگییە.

٤- **کولتوور و کەلەپوور:** لە چەندین کەناڵی ڕۆژنامەوانیدا بەر چاو کەوتووە، کە (کولتوور) خراوەتە شوێنی (کەلەپوور)، حاڵەتیش هەیە بە پێچەوانەوە (کولتوور) کراوەتە (کەلەپوور). ئەم تێکەڵکردنە تەنیا

ڕۆژنامەنووسان نا، بەڵکوو لێرە و لەوێ هەندێ جار ئەهلی فیکریش دەگرێتەوە !

٥- هەروەها چەندین وشە و زاراوەی دیکە، وەك ئەم چوار نموونەیەی سەرەوە تێکەڵ دەکرێن، بە تایبەتی کاتێ دەخرێنە ڕستەوە، کە دەشێ هەڵەی چاپ بن، وەك چۆن ڕێی تێ دەچێ هەڵەی ڕێنووس یا بێ سەلیقەیی بن، تەنانەت بە نەزانییش بێ، وەك:
(دیالێکت و دیالەکتیك)، (سونبول و سیمبوڵ)، (تیرۆر و تیۆر)، (یاسایی و ئاسایی)، (پرس و پرسە)، (ئاونگ و ئاورینگ)، (ئەستەم و ستەم)، (بەخەستی و بەسەختی)، (قەبارە و قەوارە)، و (جێگر و جێگرەوە) و هتد...

## شار و شارۆچکە و شارەدێ

زۆرێك لە میدیاکانی ئێمە، وشەی شار بەرانبەر (محافظة)ی عارەبی دادەنێن، شارۆچکە بۆ (قەزا) و شارەدێ بۆ (ناحیە) بەکار دێنن. بەڵام شارەدێ و شارۆچکە و شار، بۆ شاری بچووك (گوندی زۆر گەورە) و گەورە و گەورەتر بەکار دێن، نەك سێ زاراوەی ئیداری بن. دەشێ شارێك زۆر گەورە بێ لە ڕووی ڕووبەر و چڕی دانیشتوانەوە، بەڵام لە ڕووی ئیدارییەوە تا ئێستا هەر ناحیە، یا قەزا بێت و

نەبووبێتە پارێزگا،[23] هەروەك دەشێ شارێك بەو ئەندازەیە گەورە نەبێ، وەلێ بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی، یا بڕیارێکی سیاسی بووبێتە پارێزگا، بۆیێ یا هەر وشەی قەزا و ناحیەکە بە کار ببردرێت، یا هەوڵی داڕێشتنی وشە و زاراوەی نوێی بۆ بدرێت. خۆ ئەگەر وشەی (قەزا و ناحیە) بەکار بهێندرێت، ئەوا هێشتا لە کێشەکە ڕزگامان نابێت. بۆ نموونە کە دەنووسرێت:

(ڕووداوێکی هاتوچۆ لە قەزای کۆیێ ڕوویدا)، یا (لە قەزای هەڵەبجە بۆمبێك دەتەقێتەوە)، یا (لە قەزای سۆران گەنجێك خۆی خنکاند)، لێرەدا ڕووداوەکانی (هاتوچۆ و تەقینەوە و خۆخنکاندن) لە ناو شارەکانی (کۆیێ و هەڵەبجە و سۆران) ڕوویان داوە، نەك لە ناحیە و گوندەکانی دەوروبەری، بەڵام بەپێی ئەو تەعبیرانە دیار نییە ئەو ڕووداوانە لە سنووری شارەوانی (کۆیێ، هەڵەبجە و سۆران)دا قەوماون، یا لە سنووری ئیدارەی قەزاکان، ئەمە وەکوو ئەوە وایە بنووسی (فۆرمی دامەزراندن لە پارێزگای هەولێر دابەش دەکرێت)، بێ گومان جوێیە لەوەی بنووسیت (فۆرمی دامەزراندن لە شاری هەولێر دابەش دەکرێت).[24]

---

٢٣ - چەند میدیاکارێك بۆ ناوی شارێکی کوردستان، کە ساڵانێکە لە ڕووی ئیدارییەوە بووەتە قەزا، وشەی (شارۆچکە)یان بەکار بردبوو، ئەو دەربڕینە، قایمقامی ئەو نێوەندەی توڕە کردبوو و گوتبووی چیدی بۆ ئەو کەناڵانەی نادوێم کە بە شارەکەمیان گوتووە شارۆچکە.

٢٤ - لە (ڕەشنووسی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان-عێراق)دا هاتووە: "هەر دێیەك ژمارەی دانیشتوانی لە سێ هەزار کەس کەمتر نەبێ شارەوانییەکی دەبێ"، بەڵام بەپێی زانیاریی ئێمە بە هیچ

## به کار بردنی (ە) بۆ مێ

هاوشێوەی عارەبی هەندێ جار دەبینین بۆ نموونە کاتێ وشەکانی (دکتۆر، ئوستاد، مودیر، وەزیر،...)، بۆ مێیینە بەکار دەهێندرێت، ئەوا دەنووسرێت و دەگوترێت: (دوکتۆرە، ئوستادە، مودیرە، وەزیرە...)، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین ئەم (ە)ی مێیینەیە هیچ پەیوەندیی بە زمانی کوردییەوە نییە، هیچ خەوش و ناتەواوییەکیشی تێدا نییە بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: (دوکتۆر ڕێزان، ئوستاد هێشوو، موهەندیس شنە، ساباتی وەزیر و جوانەی مودیر و هتد...).

## هەڵدەستێت بە....

دوای دیار نەمانی گوزارەی (شایانی باسە) لە دەنگوباسی کوردیدا تا ئاستێکی بەرچاو، دەستەواژەی (هەڵدەستێت بە...) پەیدا بوو، ئەگەرچی یەکجار زۆریشی لەسەر نووسراوە، کە دەربڕینێکی هەڵەیە و وەرگێڕانێکی چەوتی زمانی عارەبییە، بەڵام بە بەردەوامی لە ڕاگەیاندنەکاندا دەبینین، بۆ نموونە دەنووسرێت:

—تیپی هونەری (...) هەڵدەستتێت بە سازدانی کۆنسێرتێك.

—یەکێتی (....) هەڵدەستێت بە سازدانی کۆڕێك.

---

یاسایەك (شار و شارۆچکە و شارەدێ) دیاری نەکراون، ئەوەی هەیە تەنیا (پارێزگا و قەزا و ناحیە) دیاری کراون.

–یانەی (...) هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی یارییەکی دۆستانە...

–کۆمەڵەی (...) هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی گردبوونەوەیەك.

–تیمی (...) هەڵدەستێت بە هەڵمەتێکی...

دیارە ئەمەش پێشتر هەرگیز لەنێو کورددا نەبووە، بۆ نموونە لە هیچ نووسین و قسەکردنێکدا نەبیستراوە و نەنووسراوە و نەگوتراوە: فلان هەڵدەستێت بە لێنانی چێشت، ئەو هەڵدەستێت بە برژاندنی نانەکە، کابرا هەڵدەستێت ئە ئاودانی دارەکە و هتد...!

## لە نێوان هەواڵە وەرزشییەکان و هەواڵەکانی وەرزشدا

هەندێك دەنووسن (هەواڵە وەرزشییەکان)، هەندێکی دی (هەواڵەکانی وەرزش) بە ڕاستتر دەزانن، جارجارە (هەواڵی وەرزشی و دەنگوباسی وەرزشی)ش بەکار دەبردرێت. ئەم کێشەیە تەنیا لە دەنگوباسی وەرزشیدا نییە، لە خوارەوە چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو:

- حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکان/ حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆن.
- سامانە سرووشتییەکان/ سامانەکانی سرووشت.
- چالاکییە حیزبییەکان/ چالاکییەکانی حیزب.
- گرێبەستە نەوتییەکان/ گرێبەستەکانی نەوت.

- دەزگا ڕاگەیاندنەکان/ دەزگاکانی ڕاگەیاندن.

**هەرچەندە وەکوو هەڵەیەکی باو، ئەوانەی یەکەمیان زێتر دەگوترێن و دەنووسرێن، بەڵام ئەوانەی دووەمیان لە ڕاستییەوە نێزیکترن.**

## وەزیری تەندروستی پێشوو، یا وەزیری پێشووی تەندروستی

ڕۆژێك بێژەرێك لە تەلەڤزیۆن لەباتی (وەزیری پێشووی تەندروستی) دەیگوت (وەزیری تەندروستی پێشوو)، دوایی لە چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا دیم (چوارڕیانی تازەی عەنکاوە) بووەتە (چوارڕیانی عەنکاوەی تازە). (گەراجی کۆنی بەغدا)، بووەتە (گەراجی بەغدای کۆن). (فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی)، بووەتە (فرۆکەخانەی سلێمانیی نێودەوڵەتی). (خوێندنگەی ئیسلامیی فلان)، بووەتە (خوێندنگەی فلانی ئیسلامی). (دادگای باڵای فیدراڵی) بووەتە (دادگای فیدراڵی باڵا) و هتد... تەنانەت بەم دواییانە لە پەرلەمانی بەغدا، لەباتی (خوولی پێنجەمی پەڕلەمان) نووسیبوویان (خووڵی پەرلەمانی پێنجەم)!

## کوردنشینی بەغدا یا کوردی بەغدانشین:

(کوردنشینی بەغدا)، یا (کوردنشینانی بەغدا)، ئەوەندەی لێی تێگەیشتبم مەبەست لێی کوردی نیشتەجێی بەغدایە، کە چەند جارێك لە دەزگا

ڕاگەیاندنەکانی خۆماندا بەرچاو کەوتوون، بەپێی ئەو زانیارییانەی لە قامووسە کوردییەکانەوە دەیبینین، دەبێ بگوترێت (کوردی بەغدانشین)، وەك چۆن دەگوترێت (شارنشین، دێنشین، دەوارنشین، چادرنشین، ئەوروپانشین و چۆڵنشین....). لە کاتێکدا (کوردنشین) ئەو دەمە ڕاست دەردەچێ، کە باسی ئەو گەڕەك و ناوچانەی بەغدا بکرێت کە کوردی تێدا نیشتەجێیە.

## نەقیبی سەندیکا و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی

من خۆم زێتر لە دەیان جار دیومە ڕوونکردنەوە دراوە، کە دەستەواژەی (نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان) هەڵەیە و دەبێ بنووسرێت (نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان)،[٢٥] کەچی زۆربەی جار ئەوەی یەکەمیان دەنووسرێت. هەروەها چەندین جاریش خوێندوومەتەوە بۆ نموونە لەبری (بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر) دەنووسرێت (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی ئاوی هەولێر). یا (بەڕێوەبەری گشتی سامانی ئاژەڵ)، دەکرێتە (بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی سامانی ئاژەڵ). یا (قایماقامی دوکان)، دەکرێتە (قایمقامی قەزای دوکان)، یا دەنووسرێت (فەرماندەی فەرماندەیی...)، یا (سەرۆکی شارەوانی شاری ئامەد)... تەنانەت دیومە نووسراوە (بەڕێوەبەرایەتیی

٢٥ – جگە لە بەکاربردنی (نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان)، هەروەها بۆ سەندیکاکانی دیکەش (نەقیبی سەندیکای ئەندازیاران و نەقیبی سەندیکای ژمێریاران و هتد...)، دەنووسرێت!

ڕاگەیاندنی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی گەشتوگوزار)! کە ئەمە ڕێك وەکوو ئەوە وایە بڵێی: (وەزیری وەزارەتی پەروەردە)، یا (سەرۆکی سەرۆکایەتی حکومەت)، یان (پارێزگاری پارێزگای هەڵەبجە)!

## تەنیا و تەنانەت، هەمیشە و هەرگیز

(تەنیا) پێچەوانەی (تەنانەت)ە، (هەمیشە)ش پێچەوانەی (هەرگیز)، کەچی زۆر دەم لە شوێنی مانا پێچەوانەکەیان بەکار دەبردرێن. بە هەمان شێوە (یاسای دژەتیرۆر) دەکرێتە (یاسای تیرۆر)، یا (یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی...)، دەبێتە (یاسای توندوتیژی...)، یا (کۆنگرەی بەگژداچوونەوەی ئایدز) دەکرێتە (کۆنگرەی ئایدز)، هەر وەك چۆن لە زمانی ئاخاوتنی هەندێ ناوچەدا (عەجوول) دەکرێتە (ناعەجوول)، یا هەندێ جار (کەلوپەل، پارە یا منداڵێ) دەدۆزرێتەوە، بانگەوازی بۆ دەکرێت کە (فڵانە کەلوپەل، یا بڕێك پارە، یا منداڵێکی لەم شێوەیە) ون بووە!

## قوربانی لە نێوان کوژراو و برینداردا

لای هەندێك میدیاکار، (قوربانی) هاوواتای (کوژراو)ە، لە کن هەندێکی دیکە (کوژراو و بریندار) دەگرێتەوە، دوور نییە هەندێکی دیکەش هەبن تەنیا بە

(بریندار) بێژن (قوربانی)، بە هەر حاڵ ئاڵۆزی و ناڕوونییەکی دروست کردووە، بۆ نموونە لە مانشێتدا دەنووسرێت (تەقینەوەیەك سەت قوربانی لێ کەوتەوە) دوایی لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەدا دەنووسرێت (دوو کوژراو و نەوەد و هەشت برینداری لێ کەوتەوە). چەند حاڵەتێکیشم تۆمار کردووە، نووسراوە (قوربانی گیانی/ ئەوەندە قوربانی گیانی لێ کەوتەوە)!

## تێکەڵکردنی وشەی هاوبێژ

هەموو ئەو وشانەی وێنە و شکڵیان وەکوو یەکە و هەر وەکوو یەکیش دەخوێندرێنەوە، بەڵام لە واتادا جوداوازن، جوداوازییەکەشیان کاتێك دەردەکەوێت کە دەکەونە نێو ڕستەوە، لە نموونەی (شیر، بیر، گران، کار...)، هەندێك جار لە لایەن میدیاکارانەوە جۆرێك لە تێکەڵی بەدی دەکرێت، چەند جارێك دیومە لە کاتی بە کارهێنانی پێچەوانەی وشەی (گران)دا، نووسراوە (سووك)، هەر لەو نووسینەدا ئەم جارەیان بووەتە (ئاسان)، یا بووەتە (هەرزان)!

## مانگرتنیان ڕاگەیاند، کۆبوونەوەیان ئەنجام دا...

هەموومان ڕۆژانە لەباتی (مانیان گرت، کۆ بوونەوە، گرد دەبنەوە، دەستی لە کار کێشایەوە، فلانە شار چۆڵ دەکرێت...)، ڕستەگەلی (مانگرتنیان

ڕاگەیاند، کۆبوونەوەیان ئەنجام دا، گردبوونەوە دەکەن، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند، فلانە شار ناچار بە چۆڵبوون دەکرێت...) دەبینین و دەبیستین، جگە لەوەی ئەم دەستەواژانە لە ڕووی ئیستاتیکییەوە زۆر جوان نایەنە بەر گوێ و چاوان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئەو گوزارشتانە دروست بن، دەبێ لە جێگەی (شیعری نووسی، پیاسەیان کرد، خوێندیەوە...)، بنووسرێت (شیعر نووسینی ئەنجام دا، پیاسەکردنیان ساز دا، خوێندنەوەی ڕێك خست،...).

## بکەری کۆ و کاری تاك، بکەری تاك و کاری کۆ

ئەم شێوە نووسینانە لە میدیاکانی هەرێمدا یەکجار باون و ڕۆژانە دەبیندرێن و دەخوێندرێنەوە، چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو:

- پۆلیسی سلێمانی کۆنترۆڵی ناوچەکە (دەکەن). ڕاستەکەی: دەکات
- کورد ئامادە نییە لە چوارچێوەی عێراقدا (بمێننەوە). ڕاستەکەی: بمێنێتەوە.
- گەڕەکی ئاشتی داوای ئاو (دەکەن). ڕاستەکەی: دەکا یان دەکات.
- مامۆستایان داوای دەرماڵەی تایبەت (دەکات). ڕاستەکەی: دەکەن
- یەکێتیی مامۆستایان لە سیستمی نوێی موچە (ناقایلن). ڕاستەکەی: ناقایلە.
- کاتی خۆی فەڕەنسا (گارودییان) سزا دا. ڕاستەکەی: گارودیی.

- لەوساوە دایك و باوکیان (مردووە). ڕاستەکەی: مردوونە یان مردوون.
- وەفدێکی حیزب سەردانی هەولێر (دەکەن). ڕاستەکەی: دەکات یان دەکا.
- سەندیکای ڕۆژنامەنووسان (بەیاننامەیەکیان) دەرکرد. ڕاستەکەی: بەیاننامەیەکی.
- تیمی ئاگرکوژێنەوە (گەیشتنە) شوێنی ڕووداوەکە. ڕاستەکەی: گەیشتە.
- ڕێکخراوی فلان داوای چارەنووسی بیڤان (دەکەن). ڕاستەکەی: دەکا یان دەکات.

## کاری داهاتوو خستنە شوێنی کاری ڕابردوو

لەبری ئەوەی بنووسرێت (سەرۆکی حکومەت سەردانی کەرکووکی کرد)، یا (پارێزگاری هەولێر کەمپی پەنابەرانی بەسەر کردەوە)، یا (لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کۆ بوونەوە)، دەنووسن (سەرۆکی حکومەت سەردانی کەرکووك دەکات)، یا (پارێزگاری هەولێر کەمپی پەنابەران بەسەر دەکاتەوە)، یا (لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان کۆ دەبنەوە)، ئەمە بە بیانووی ئەوەی لە بواری ڕاگەیاندنەوە کاری داهاتووی (دەکات، بەسەر دەکاتەوە، کۆ دەبنەوە) لە کاری ڕانەبردووی (کرد، بەسەر کردەوە، کۆ بوونەوە) گەرم و بەهێز و سەرنجڕاکێشترە، بەڵام لە هەندێك هەواڵدا کە ڕووداوی (تەقینەوە و خنکان و برینداربوون و کوشتن و

**دەسگیرکردن)یشی تێدایە، دیسان هەر دەنووسرێت (دەتەقێتەوە، دەخنکێت، بریندار دەبێت، دەکوژرێت، دەسگیر دەکرێت)!**

# لە نێوان یاریکردن بە وشە و شێواندنی زماندا

ئەگەر یاریکردن بە وشە و زمان لە لایەن شاعیرە گەورەکانەوە، بە ئاگایی و بۆ جوانکاری و ڕەوانبێژی و دەرخستنی توانای شاعیر بووبێت، ئەوا ئەو یارییەی ئێستا لە زۆرێك لە نێوەندە ڕۆژنامەوانییەکانی هەرێمدا دەیبینین، لە لایەکەوە بە بێئاگایی دەکرێت، لە لایەکی دیکەشەوە زمان دەشێوێنێت و ناشیرینی دەکات.[26] تۆ سەیری تێکستی شاعیرە گەورەکانی کورد بکە، چەندە وەستایانە وشە و ڕستەیان لە شوێنی شیاوی خۆیدا داناوە، کە بووەتە مایەی پتر دەوڵەمەندبوونی زمانەکە و شیرینتر بوونی لە لایەن خوێنەر و ئاخێوەری کوردزمانەوە، ئەوجا ئەو یاریکردن بە وشەیە لە لایەن شاعیرانەوە بۆ زەروورەتی شیعر بووبێ یا بۆ مەبەستی جوانکاری و ڕەوانبێژی، ئەوا هەر هێز و هەڕمێنی بە دەقە شیعرییەکە داوە، نەك بووبێتە مایەی لاوازی. بۆ نموونە مەحوی کە دەڵێت:

**لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خودا**

**داوێنی باخودا بگرە، بەردە ناخودا**

**بێ کەس منم کەسێ لە زوبانم بگا نییە**

---

٢٦ –زیاد ڕەشاد قادر، هەڵەی زمانەوانی لە میدیای کوردیدا، گۆڤاری پەیامی ڕاستی، ژمارە ٩٢، ساڵی ٢٠١١.

## هەمدەم خودا نەناس و دەم پڕ لە یا خودا[27]

با لە جیاتی (ناخودا بەردە) نووسرابێت (بەردە ناخودا)، یا لەبری (من بێکەسم) نووسرابێت (بێکەس منم)، ئەوا خەوش نییە بۆ دەقە شیعرییەکە، بەڵام میدیاکارێك بێت لە مانشێتی ڕۆژنامەیەك لە جێگەی (حیزبە کوردستانییەکان کۆ دەبنەوە، یا کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان)، بنووسێت (کۆ دەبنەوە حیزبە کوردستانییەکان) ئەوەیان باسێکی دیکەیە بە تەرازووی هەڵسەنگاندنی دەقە ئەدەبییەکە، ئەم مانشێتە هەڵناسەگێندرێت.

بە پێچەوانەوەش بەشێك لەو ڕستە و وشە و دەستەواژە داهێندراوانەی لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا بڵاو دەبنەوە، ئەگەر هەڵە و پڕ کەموکووڕییش نەبن، ئەوا هەر لە لایەنی جوانبێژی و ئیستاتیکییەوە، خەوشدار و ناتەواون. بۆ نموونە:

ئەگەر بنۆڕینە هەردوو وشەی (مل) و (گەردن)، دەبینین لە زۆرێك لە قامووسە کوردییەکاندا بە هاوواتای یەك داندراون، یا دەڵێن گەردن ڕووی پێشەوەی ملە، تا ئێرە هیچ کێشەمان نییە، بەڵام کە دێینە سەر بەکارهێنانی هەردوو وشەکە و دانانیان لە ڕستەدا، هەر یەکێکیان بۆ مەبەستێك دەنووسرێن و مانایەکی جودا بەدەستەوە دەدەن.

---

٢٧ – دیوانی مەحوی، مەلا عبدولکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

زۆربەی ئەو ڕستە و دەستەواژانەی لە وشەی (مل)ەوە دروست دەبن، یا (مل)یان تێدا بە کار دێت، تا ڕادەیەك مانای خراپ و نەرێنی و زبر دەبەخشن، لە وێنەی (ملپان، ملباریك، ملشۆڕ، ملشکاو، ملکەچ، ملەجڕێ، ململانێ...)، بە پێچەوانەوەش وشەی (گەردن) بۆ خۆشەویستی و پەسندان و جوانکاری بە کار دێت، وەك (گەردن بەرز، گەردەن زەرد، گەردن ئازادی، گەردن بلووری، گەردن شووشە...).

لچ و لێویش بە دوو وشەی هاوواتا داندراون، قامووسەکان دەڵێن لچ واتە لێو، واتە کەناری دەم، یا دەڵێن لچ واتە لێوی سەرەوە، بەڵام (لچ)یش وەك مل زێتر بە مانا ناجوانەکەی بە کار دێت، وەك دەگوترێت (لچگەورە، لچەستوور، لچشۆڕ...)، کەچی (لێو) زێتر بۆ پێداهەڵدان و وەسف و ناسکی بە کار دێت، وەکوو (لێوتەنك، لێوئاڵ، ماچی لێو، شەکری لێو، بزەی لێو...).

زۆر وشە و زاراوە و دەستەواژەی دیکە، ئەگەر میدیاکار لە بەکارهێنان و خستنە ڕستەوە ورد و شارەزا نەبێت دەکەوێتە هەڵەوە، ئەوەش هەر بەوە نابێت مانای ڕووتی وشەکان بزانێت و بەس، بەڵکوو گەرەکە بشزانێت چۆن دەخرێتە ڕستەوە و چ مانا و مەدلولێك دەدات و لە پەند و ئیدیۆمی کوردیدا چۆن بە کار هاتووە.

بۆ نموونە دەبێ میدیاکار لەوە شارەزا بێت کە گوزارشتی (گیانی لە دەست دا) ناسکترە لە (مرد). هەروەها وشەی (ڕاز) کە بە مانای (نهێنی) دێت، بەڵام مانایەکی ناسك و شاعیرانەی هەیە و پتر لەو شوێنانەدا دەگوترێت، کە کەسێك قسەیەکی لە دڵدا هەڵگرتووە، یا دەردەدڵێکی هەیە، یا قسە و چرپەیەك لای خۆشەویستێك یا کەسێکی نێزیکی خۆیەوە دەکات، هەرچی وشەی (نهێنی)یە زێتر بۆ زانیاری و هەواڵێك کە پەیوەندی بە لایەنی سەربازی و هەواڵگری و ئاساییشییەوە هەیە، یا کە دەگوترێت نووسراوێکی نهێنی، مەبەست لێی ئەوەیە لەبەر هۆیەکی سیاسی ئاشکرا نەبێت.

هەروەها میدیاکار ئەوەی لەکن ڕوون بێت، کە زۆر وشەش هەن هاوواتان، بەڵام دەگونجێت یەکێکیان بە پاشگر یا پێشگر، وشەیەکی دیکەی نوێی لێ دروست بکرێت، بەڵام بۆ وشەکەی دی ناگونجێت، بۆ نموونە (زگ) واتە (ورگ)، بەڵام دەڵێین (زگی دەسووتێت، زگی دێشێت...) بەڵام ناکرێت بڵێین (ورگی دەسووتێت، یان ورگی دێشێت...)، هەر وەك ناکرێت بە کەسێکی (ورگن) بڵێین (زگن)!

هەردوو وشەی (شەڕ) و (جەنگ) هاوواتان، دەنووسرێت (بە شەڕ دێت)، بەڵام (بە جەنگ دێت) نابێت، (شەڕگە) هەیە، ناگوترێت (جەنگگە). (شەڕانگێز) هەیە و (جەنگانگێز) نەشیاوە، هەروەها لە وشەی

شەڕ دەتوانرێت (شەڕانی، شەڕکەر، شەڕوان، شەڕو شۆڕ...) دروست بکرێت، لە وشەی (جەنگ)یش (جەنگاوەر، جەنگی...) هەیە.

(چاو) واتە (دیدە)، لە وشەی چاوەوە (چاوچاوانێ، چڕوچاو، چاوزەق، چاوخێل، چاوتێر، چوارچاو، چاوتیژ، چاوباشقاڵ...) دروست دەبێت، بەڵام ناتوانین لە وشەی (دیدە) ئەم وشانە چێ بکەین.

ئەو ڕێسایەی بەسەر وشەی (چەك)دا جێبەجێ دەکرێت بۆ نموونە وەك (بلۆککردن) دەڵێین (چەککردن)، بەڵام ناشێت ئەوە بۆ (پارە) و (مۆبایل) جێبەجێ بکەین و بڵێین (پارەکردن و مۆبایلکردن...). هەروەها (بکوژ) لە (کوشتن)ەوە هاتووە و جێگیر بووە، بەڵام بەو پێوانەیە ناکرێت بڵێی لە (فرۆشتن)ەوە، (بفرۆش) دادەهێنم! (شێر) و (پڵینگ) دوو گیانداری کێوی و درندەن، بەڵام ناکرێت (پڵینگەبەفرینە) بخەیتە ناو ڕاگەیاندنەوە مادامەکی (شێرەبەفرینە) هەیە. یا بۆ نموونە وشەی (ساتەوەخت) بۆ خۆی مشتومڕ لە سەر ڕاستی و دروستی هەیە، کەچی بێی سەرئێشەیەکی دیکە بە ناوی (کاتەوەخت) زێدە بکەیت! چونکە بەشێکی زۆری ئەم بابەتە پێوەندی بە بواری وشەڕۆنانەوە هەیە، کە دەبێت لێژنەی پسپۆڕ و دامەزراوەی تایبەتمەند لە سەری ڕێك بکەون و بڕیاری لێ بدەن.

هەقــە میــدیاکار وەك چــۆن لــە وێنــەگرتن و هونــەری ڕۆژنامــەوانی و ڕاپـــۆرت نووســـین و هـــەواڵ داڕێشـــتندا... پرۆڤـــە دەكـــات و كۆرســـی ڕۆژنامــەوانی دەبینێــت، بــە هــەمان شــێوە بــایی ئەوەنــدە شــارەزای وشــە و ئیــدیۆمی زمانەكــەی بێــت و لــە وشــەڕۆناندا ســەری دەربچــێت هــیچ نــەبێت هەڵەی زل نەكات.

بـۆ نموونـە بزانێـت (سـات) مانـای (كـات) نییـە، بـەڵكوو واتـا (كـاتێكی كــەم). (زنــە) مانــای دەقــاودەقی (كــانی) نییــە، بــەڵكوو كــانییێكی گچــكەیە. (گابــەرد) هــەموو بــەردێك ناگرێتــەوە، بــەڵكوو بــەردی گەورەیــە. (ســۆما) مانـای (چـاو) نییـە، بـەڵكوو (هێـزی دیـتن، یـا ڕونـاكی چـاو)ە. (كۆسـار) چـیا نییە، ناو چیایە یا ناوچەیەكە چیای زۆر بێت.

یـا هەنـدێك وشــە و دەسـتەواژە هــەن، هەڵـە نـیین، بـەڵام ناهاوسـەنگ و نابـاون، پـێم وایـە بـۆ میـدیاكار نـەهاتووە بـە نـاوی گۆڕانكـاری یـا داهێنـان ســەروبەری ئــەو وشــە و ڕســتانە تێــك بشــكێنێت. بـۆ نموونــە هــەر دەگوترێــت (هــەریر و باتــاس)، (هــیران و نــازەنین)، (مامناوەنـدی)، (مــام ڕێــوی)، (ســەر و ڕیــش)، (قیــت و قــۆز)... بــەڵام تــۆ بێیــت بنووســیت (باتــاس و هـــەریر)، (نــازەنین و هــیران)، (خاڵەناوەنـدی)، (خاڵــە ڕێـوی)، (ڕیـش و سـەر)، (قــۆز و قیــت)... بــێ هــیچ پاســاوێك ســەروملی دەســتەواژەكە تێــك دەشــكێنیت، خــۆ بــە پــاش و پێشخســتنی ئــەم وشــانە، یــا گــۆڕینی (مــام) بــە (خــاڵ)، هــیچ

هەڵەیەك ڕوونادات و بڤەش نییە دەستکاری کردنییان، وەلێ ئەو ئاواز و لە دەم ڕاهاتنەی لە دەستەواژەکانی یەکەمدا هەن، لە هی دواییاندا نین. جا ڕەنگە شاعیری سەرکەوتوو بۆ ڕێکخستنی کێش و سەروا، یا بۆ مەبەستی یاریکردن بە وشە... ئەو جێگۆڕکێیە بکات و بۆ ئەویش ڕێپێدراو بێت، بەڵام بۆ میدیاکار ڕووبەری ئەو ڕێپێدانە بچووك دەبێتەوە، بە تایبەت ئەگەر میدیاکار بێ مەبەست یا بە بێ ئاگایی بیکات.

ڕەنگە هەبێ بڵێت جا ئەو ڕوونکردنەوە و نموونە هێنانەوە کەی پێویستە، یا بگوترێ کێ وای نووسیوە، بۆ وەرامی ئەو پرسیارە نموونەگەلێکمان لایە کە ڕەنگە دەرفەتی خستنەڕووی هەندێکیمان هەبێت.

– برادەرێك نووسیویەتی: "مادام وشەی (گوێبیست) هەیە، کە لە (گوێ) و (بیستن)ەوە هاتووە، ئەوا منیش بۆم هەیە بڵێم (زمانتام، چاوبین،...)، چونکە (چاو) دەبینێ و (زمان)یش تام دەکات.."!

– میدیاکارێکی دیکە لە ڕیپۆرتاژێکدا کە لە گوندی (کێشکە)دا ئامادەی کردبوو، لەپاڵ ناوهێنانی گوندەکە، لە ناو دوو کەوانەدا نووسیبووی (چۆلەکە)! واتا نووسیبووی "لە گوندی کێشکە (چۆلەکە)..."، بەو حسێبەی بۆ خوێنەرانی ڕوون بکاتەوە کە (کێشکە) یانی (چۆلەکە)، لە کاتێکدا ئەو کێشکەیە ناوی کۆك (اسم علم)ە!

- لە چەند نووسراوێکی نێو ڕۆژنامەیەکدا وشەی (پێرارسالّ)م دی، لە سەر کێشی (پارسالّ)، لێرەدا قسە لەسەر ئەوە نییە وشەی (پارسالّ) بۆ خۆی دروستە یاخود نا، بەڵام تا ئاستێك جێگیر بووە.

- هەروەها (ناوبانگی دایەوە) نووسراوە، وەك چۆن دەنووسرێت (دەنگی دایەوە). (ڕێگری لێ دەگیرێت) نووسراوە لەباتی (ڕێگەی لێ دەگیرێت). یا لەبری (چەند شێوەی لە من دەچێت)، نووسراوە (چەند هاوشێوەی لە من دەچێت). دیتراوەش لەبری (حیزبەکان) یا هیچ نەبێت (ئەحزاب) نووسراوە (ئەحزابەکان)، یا (ئیخوان) کراوەتە (ئیخوانەکان). لەباتی (هاووڵاتییانی عێراقی)، نووسراوە (هاووڵاتیانی وڵاتی عێراق)، لە جێگەی (ئاوی باران) یا (بارانا‌و) نووسراوە (ئاوی باراناو)! یا لە جێگەی (پێناسە) یا (ناسنامە)، نووسراوە (پێناسنامە)، هەروەها هەندێك لەباتی (دەسەڵاتدار) و (خاوەن دەسەڵات)، دەنووسن (خاوەن دەسەڵاتدار)! کۆمەڵێك دەستەواژەی دیکەی لە چەشنی (هۆکارەکانی ڕوودانی ڕووداوەکانی بادینان)، (ئاوەدانکردنەوەی ژینگە...)، (هەڕەشە لە دژی فلان کەس دەکرێت)، (هەرێم ڕەدی کردەوە داوای دانووستانی کردبێت) و (سەرکوتکردنی دەسەڵات) و هتد...

- وشەگەلی (باشسازی، سیفەتسازی، مۆدەسازی و جوانسازی...) نووسراوە، بەو پاساوەی بۆچی (چاکسازی و پیشەسازی...) دەنووسرێن.

هـــەروەها (ورچـــاندن و فاكســـاندن و شـــیعراندن و كوردانـــدن و ڕەنگانـــدن...)، لەســـەر قیاســـی (برژانـــدن و تۆقانـــدن و ســـووتاندن و كوڵانـــدن...)، نووســـراون. هەروەها (عاقڵمەدار)یش نووسراوە لەسەر كێشی (سیاسەتمەدار)!

– پێیـــــان وایـــــە (نوێـــــژخوێن و ســـــروودخوێن) دروســـــتن، مادامـــــەكی (قورئـــــانخوێن) هەیـــــە. تەنانـــــەت (كـــــوژەر)یش نووســـــراوە، وەك چـــــۆن دەنووســـــرێت (بینـــــەر، خوێنـــــەر)، هـــــەروەها (نێوجیهـــــانی) لـــــە بەرانبـــــەر (نێودەوڵـــەتی)دا نووســـراوە. وشـــەی (چـــالاكوان) بـــە هاومانـــای (كەســـی چـــالاك) داندراوە.

– هـــــەروەها (ڕەخنـــــەكردن و ئەشـــــكەنجەكردن و پـــــەراوێزكردن...)، لـــــە جێگەی (ڕەخنەگرتن و ئەشكەنجەدان و پەراوێزخستن...) دەنووسرێن.

– لـــە دەزگایـــەكی ڕاگەیاندنـــدا چـــەند جارێـــك لـــە جیـــاتی (پڕۆپاگەنـــدە و واتەوات)، وشەی (پاگەندە) نووسراوە.

لێـرەدا تێبینـی ئـەوە دەكرێـت كـە جگـە لـەوەی لێكـدان و وەرگـرتن و داڕێشـــتن و داتاشـــینی وشـــە و زاراوەی نـــوێ ئیشـــی كەســـانی پســـپۆڕ و دامـــەزراوەی تایبەتمەنـــدە، هـــەروەها دەبـــێ بـــە وردی و وریـــایی بكرێـــت و بـــە قـانوون ڕێـك بخرێـت، كـە كـەنگێ وشـە دادەتاشـرێت یـا دادەڕێـژرێت و كـێ ئـەو كارە دەكات.

# ئەنجامگری

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

**یەکەم:** لە میدیاکانی هەرێمی کوردستاندا، گیرگرفتێك هەیە، بە ناوی گیرگرفتی ڕێنووس و دەربڕین و جوانکاری... لەگەڵ زۆربوونی نێوەند و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیدا، گیروگرفتەکەش زێتر و گەورە بووە و چارەکردنیشی کاری ڕۆژێك و دووان نییە، بەڵکوو لەگەڵ نەخشە و پلانی ورد، کات و حەوسەڵەی گەرەکە.

**دووەم:** ئەو کێشە و پاشاگەردانی و بێسەروبەرییەی لە بواری ڕێنووس لە میدیای هەرێمی کوردستاندا دەبیندرێت، وەك لە ڕابردوودا وێنەی نەبووە، هەروەها ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زێدەبوون و پەرەسەندندایە و بەشێکە لە کێشەی زمانی کوردی، لەم سۆنگەوە دەخوازێ سەرەتا بابەتەکە بە کێشە بناسێندرێت، پاشان پلان و ستراتیژ و نەخشە زمانەوانی و فەرهەنگییەکان لە ئاستی کێشەکەدا بن و هەرچی زووە دەست بە چارەکردنی بکرێت.

**سێیەم:** ئەگەر بەشێکی ئەو پەرشوبڵاوی و نایەکگرتووییەی لە ڕێنووسدا هەیە، هۆیەکەی نەشارەزایی و کەمتوانایی هەندێك لە ڕۆژنامەنووسان بێ، ئەوە بەشێکی دیکەی بابەتەکە ئەوەیە هێشتا زۆرێك لە شارەزا و زماننناس و ئەکادیمیکارانی

بواری زمان نەگەیشتوونەتە چارەسەری کۆتایی و یەکلاییکەرەوە، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکوو تەنانەت ئەو باسکار و نووسەرانەی لەم چەند ساڵانەی دواییدا بەشێکی زۆری هەوڵەکانیان لەسەر زمان و ڕێنووس چڕ کردووەتەوە، کەچی لەگەڵ یەکدا هاوڕا و یەکدەنگ نین، بگرە زۆر جار لە کێبڕکێ و مشتومڕێکی کوشندە دان و وا دەبێ هەر دان بە زمانزانیی بەرانبەردا نانێن، لە ئاکامیشدا لەبری چارەکردن، کێشەکان قوڵتر دەبن.

**چارەم:** لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنیك و دنیای تازەدا، پێویستییەکانی کۆمەڵگاش زێتر دەبێت و ناتواندرێت تەنێ بە زاراوە و وشە و دەستەواژەکانی پێشوو، پێداویستییەکانی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا دابین بکات، بەڵکوو دەبێت دەزگا فەرهەنگییەکان بە هاوکاری شارەزا و ئەکادیمیکارانی کوردستان، لە هەوڵی دروستکردن و داڕێشتنی تێرم و دەستەواژەی تازەدا بن، بە شێوەیەك تێرایی زمانی نووسین بە گشتی و زمانی رۆژنامەگەریی هاوچەرخ بە تایبەتی بکات، چونکە فراوانی و دەوڵەمەندیی زمان بەوە نییە بۆ تاکە مانایەك چەند وشەیەکمان هەبێ، کەچی بۆ هەزاران وشەی دیکە لە بوارەکانی زانست و هزر و فەلسەفە و ئابووری و ئەدەب و ڕۆژنامەگەری...دا وشەیەکمان نەبێ. ڕەنگە زمانی کوردی لە بواری کشتوکاڵ و شوانکارەیی و ئاژەڵداری و ئەو زاراوانەی پێوەندییان بە ژیانی کۆچەری و کەشوهەواوە هەیە، یەکێك بێت لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی دونیا، هەر لەبەر ئەمەش بۆ نموونە وشەگەلی وەکوو (چیا، دارستان و پشیلە...)،

چەندین هاوواتایان هەیە، لە بەرانبەریشدا سەدان زاراوەی هاوچەرخ هەیە هیچ ناوێکمان لێی نەناوە، لە کاتێکدا هەندێك لە ئامارەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە ڕۆژانە زێتر لە بیست زاراوەی نویَ لە بوارەکانی زانست و تەکنۆلۆلۆژیا و فەلسەفە و ئەدەب و سیاسەت... لە دونیادا پەیدا دەبن.

لێرەدا نەك هەر نەنگیی تێدا نییە ئەگەر پسپۆڕانی کوردستان کەڵك لە ئەزموونی نەتەوەکانی دیکەی ناوچەیی و جیهانی وەربگرن، بەڵکوو ڕەنگە سوود وەرگرتن لە گەلانی دنیا و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان و ڕێنووس، یەکێك بێت لە هەنگاوە زۆر پێویستەکان، بێ گومان ئەمە بە ڕەچاوکردنی جۆر و سروشتی کێشەکانی زمانی خۆمان و گونجاندنی ئەو بەشەی کە دەشێ ببێتە ئەزموون و ڕێپیشاندەر بۆ هەرێمی کوردستان.

**پێنجەم:** چارە نەکردنی کێشەکانی ڕێنووس و زمانەوانی، درز و کەلەبەری پتر دەخاتە نێوان نووسەران لە لایەك، نووسەر و خوێنەریش لە لایەکی دیکەوە، بۆیێ هەر وەك پلاندانان بۆ ڕێکخستن و یەکخستنی ڕێنووس و زمانەوانی ئەرکێکی پێویست و هەنووکەییە، هەروەها ئەو نەخشە و ڕێگاچارانە ئەگەر ڕەچاوی شێوازە ئاسان و بێ سەرئێشەکەی ڕێنووس بکەن و تا بکرێت ئەو شکڵ و تەرزە نووسینە پەسەند بکەن کە کورتکردنەوە و کورتبڕی تێدا لە بەرچاو دەگیرێت، ئەوا زووتر جێگیر دەبێت و پێوەی پێبەند دەبن، ئەمە ئەگەر بەو مەرجەی دژ و ناکۆك نەوەستێتەوە لەگەڵ بنەما و دەستووورە سەرەکییەکانی زمان و ڕێزمان و

ڕێنووسدا. بۆ نموونە ئەگەر بوار هەبێت (ڕووبەڕووبوونەوە) بە (ڕوبەڕوبونەوە) و (هاووڵاتییەك) بە (هاوڵاتیەك) بنووسرێت، ڕەنگە خێراتر میدیاکاران بەدەمیەوە بێن و هاسانتر بچەسپێت، بە تایبەت کە لە زمانی کوردیدا جگە لە زۆریی خاڵی سەر و ژێری پیتەکان، هەروەها چەندین نیشانە و پێشگر و پاشگر و ئامراز و وشەی داڕێژراو و لێکدراو و کاری تێکەڵمان هەیە.

**شەشەم:** بەشێکی ئەو ناچوونییەکی و جوداوازییەی لە ڕێنووسدا هەیە، زەق و بەرچاو نین، هەروەها کاریگەری ئەوتۆ ناکەنە سەر خراپ بوون و ناشیرین کردنی زمان و شێوازی نووسینی کوردی، بۆ نموونە ئەگەر (دەگرێت، دەخوات، دەبات...)، بە (دەگرێ، دەخوا، دەبا...) و (کردووەتەوە، خواردووەتەوە...)، بە (کردۆتوە، خواردۆتەوە...)، یا (ڕوون بکەوە، ورد ببینەوە...)، بە (ڕوون کەوە، ورد بینەوە...) هەروەها (هەندێك، کەسێك...) بە (هەندێ، کەسێ...)، بنووسرێن، پێناچێت کێشە دروست ببێت.

**حەفتەم:** بەشێکی ئەو زاراوە و دەستەواژانەی لە میدیای کوردیدا بەکار دێن، یا وەرگێڕانی حەرفی زمانێکی دیکەن، یا گوزارشتی ڕێك و ڕەسەن نین، یا سەرەتا بە هەڵە بەکار هاتوون و دوایی شێوازە هەڵەکان جێگیر بوونە و هەنووکەش بە هاسانی لاناچن.

**هەشتەم:** ئەگەر بە وریایی و وردبینی و لێزانییەوە مامەڵە لەگەڵ وشە و ڕستە و زماندا نەکرێت، ئەوا لەباتی جوانکاری و ڕەوانبێژی و گەمەی زمانەوانی و یاری

کردن بە وشە... ئەوا زمان تێك دەشكێندرێت و وێران دەكرێت و دەڕوخێندرێت، دیارە كە جوداوازییەكی گەورە لە نێوان هەردوو كارەكەدا هەیە، یەكەمیان بە ئاگایی و بۆ مەبەستی پێشخستن و داهێنان دەكرێت، وەلێ ئەوەی دووەمیان زۆر جار بە نەزانی و دەستكورتی و دەسەلآت نەشكان بە سەر كۆد و هێما و سیحرەكانی زماندا دەكرێت و بە زیان بۆ زمان و تێكستی نووسراو تەواو دەبێت. لەم ڕووە لەپاڵ بۆچوونی شارەزا و پسپۆڕانی ئێستادا، پێویستە هەوڵ و توێژینەوە بەپێز و ناوازەكانی مامۆستا مەسعوود محەمەد و دوكتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف و مامۆستا شوكور مستەفا و شێخ محەمەدی خاڵ... ببنە سەرچاوەی سەرەكی بۆ یەكلایی كردنەوەی زۆرێك لە كێشەكانی ڕێزمان و ڕێنووس و وشەڕۆنان... لە دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)دا.

**نۆیەم:** میدیاكار لەبەر سروشتی ئەو كەناڵەی كاری تێدا دەكات و ئەو دەزگایەی لێیەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێت، كە سەكۆیەكە بۆ هەمووان دەئاخفێت و دەنووسێت، زۆر جار ڕۆڵ و كاریگەری دەیان جار لە ئەكادیمیكار و زمانەوان و نێوەندی فێركردن و دامەزراوەیەكی كولتووری... گەورەتر و خێراترە، بۆیێ ئەرك و بەرپرسیارەتیشی بەپێی ڕۆڵ و كاریگەرییەكەی، زێتر و گەورەتر دەبێت.

# لیستی سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان:


١- دوکتۆر ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان، چاپخانەی علاء، بەغدا، ١٩٨٦.

٢- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

٣- بەدران ئەحمەد حەبیب (ئامادەکردن)، ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

٤- جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بڵاوکراوەی یەکێتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا، ئەڵمانیا، ١٩٧٦.

٥- حەبیب کەرکوکی، پێشەکییەك بۆ زانستی ڕاگەیاندن، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، وەرگێڕانی: ڕابەر ڕەشید، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٨.

٦- زیاد ڕەشاد قادر (ئامادەکردن)، گوتوبێژ-نۆ گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١.

٧- سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵڵاخۆشناو و ئیدریس عەبدوڵڵا، کوردۆلۆجی، چ٣، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.

٨- مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا كەریم، دیوانی مەحوی، لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٧.

٩- محەمەدی مەلا كەریم، لە بارەی زمانی یەكگرتووی كوردی و چەند بابەتێكی كولتوری كوردییەوە، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٠- محەمەدی مەلا كەریم، دیوانی گۆران، لە بڵاوكراوەكانی یەكێتی نووسەرانی كورد، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

١١- محەممەد محەممەد یونس عەلی، دەروازەیەك بۆ زمانناسی، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠

١٢- مەسعوود محەمەد، كەوچكێك شەكر بۆ قاوەی تاڵ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چ١، هەولێر، ٢٠١٠.

١٣- مەسعوود محەمەد، هەندێ بابەتی زمان و ڕێنووسی كوردی، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، چ١، ٢٠١١.

١٤- مەسعوود محەمەد، بەرەو ڕاستەشەقامی ئاخاوتنی كوردی، لە چاپكراواوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٨.

١٥- مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیێكی ڕێزمانی كوردی، لە چاپكراواوەكانی كۆڕی زانیاری كورد، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦.

١٦- دکتۆر نەسرین محەمەد فەخری، ڕێنووسی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٨٣.

## سەرچاوەعارەبییەکان:

١ – حامد محمد على، حول الاعلام والاعلام الاسلامي، من منشورات مكتب الاعلام للاتحاد الاسلامي في كردستان، الطبعة الاولى، ١٩٩٨م.

٢ – عبدالعزيز شرف ، علم الاعلام اللغوي، المركز الثقافي الجامعي، القاهرة، ١٩٨١.

٣ – محمد نادر السيد، لغة الخطاب الاعلامي، دار الفكر العربي، القاهرة،ط١، ٢٠٠٧.

**تێبینی**: نموونەکانی نێو ئەم باسە لە دەزگا میدیاییەکانی باشووری کوردستان وەرگیراون، بە تایبەتی ڕۆژنامەکانی (هاوڵاتی، یەکگرتوو، خەبات، هەولێر و ئاسۆ) و کەناڵەکانی (سپێدە، پەیام، NRT و KNN) و ماڵپەڕەکانی (خەندان، کوردیو، ستاندەر، ئاوێنە و لڤین پرێس).

**(کۆتایی)**

# پرۆفایلی نووسەر

ـ (زیاد ڕەشاد قادر) لە ساڵی ١٩٧٤ لە گوندی (خرابەدراو)ی سەر بە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان لە دایك بووە.

ـ لە ١٩٩٨ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی سەلاحەددین– هەولێر و لە ٢٠١٦ ماستەری لە ئەدەبی کوردی لە زانکۆی یوزنجو یل بەدەست هێناوە.

ـ ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی یەکێتی نووسەرانی کوردە. تا ئێستا چەندین لێکۆڵینەوە و گوتار و ستوونی ڕۆژنامەوانی و دەقی ئەدەبی و ڕیپۆرتاژ و گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی و شیعری منداڵانەی بڵاو کردووەتەوە..

ـ لەنێوان ساڵانی (٢٠٠٤ ـ ٢٠١٩) وەك ئەندامی دەستەی نووسەران و بەڕێوەبەری نووسین و سەرنووسەر لە ژمارەیەك گۆڤار و ڕۆژنامەدا کاری کردووە..

**<u>کتێبە چاپکراوەکانی:</u>**

ـ لەسەرخۆنووسی (پرۆژەی هاتنەبوونی ڕەخنەیەکی نوێ)، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێك، هەولێر، ٢٠٠٠.

ــ ڕازە سادەکانی بەفر، شیعر، سلێمانی، ٢٠٠٤

ـ کەروێشك خەو بە فیلەوە دەبینێ، چیرۆك بۆ منداڵان (ئامادەکردن)، هەولێر، ٢٠١٠

ـ گوتوبێژ (نۆ گفتوگۆی ڕۆژنامەوانییە)، هەولێر، ٢٠١١

ـ سۆمای پاکژ، چیرۆك بۆ منداڵان، هەولێر، ٢٠١٢

ـ گوڵەئەستێرە، شیعر بۆ منداڵان، هەولێر، ٢٠١٢

ـ زمان و میدیا، توێژینەوە، هەولێر، چ١، ٢٠١٣

ـ منداڵێکی پایزنشین، شیعر، هەولێر، ٢٠١٤

ـ لە ئەوسای منەوە بۆ ئێستای تۆ، نامەی ئەدەبی، هەولێر، ٢٠١٤

ـ کزەبای سەفەر و ئاونگی منداڵی، شیعر، هەولێر، ٢٠١٥

هەروەها جگە لە تێزی ماستەرەکەی بە ناوونیشانی (شیعری منداڵان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا)، شەش کتێبی دیکەی ئامادەی چاپن.